**Article**

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 38 – 57
*http://www.ijoks.com*

# Jamshid Khani Mamm- Ka Hamisha ba lagal Khoida daibrd As an example of Magic realistic Novel

***Darya Jamal Hawezi*[1]**

**Received**: March 11, 2016 **Reviewed**: April 14, 2016 **Accepted**: May 11, 2016


## Abstract

One of the most well-known theories on which the literary texts are built is realism. Since Society is the main topic of the novel and realism shows the reality of the Society in an artistic way. So Novel was one of the Subjects that realism Paid attention to – From a long time ago Kurds have been Suffered from various hard situations this makes the Kurdish realistic literature to be appeared esp. after Second world war, realism can be noticed in Kurdish Novels at the beginning of appearing Kurdish novel till now. Magic realism is the newest doctrine of realism. This expression has been spread in 0s of past century, It is appeared with appearing American writer's works esp. with receiving Nobel by the Colombian writer Gabriel Garcia Marquis in 1982 when it is noticed by the critics. Magic realism relates to those texts that depend on Legends and national culture and habits. Bakhtyra Ali is a young Novelist that has published (10) novels up to date, and he has published this novel in (2010) the main event of this novel is that poor Jamshid khan will be imprisoned by Ba 'as' regime, due to the punishments that he gets down, because of that in his future life the wind will raise and take him thus they will tie him with a robe so as not to fly with the wind, that cause him to face many hard situations, This and showing other cultural traditions in the society will make us to consider this novel as Magical realism. The reason to choose this topic is the newest genre of realism is the magical realism that is why this research has been conducted, So as to show this new Style of realism in a Kurdish novel. In this research both types of methods have been used in explanatory and descriptive method. In the research we come to some results. The most interesting ones are: Magical Realism has many followers and supporters and that is because its concerns are about groups. This style could develop and speared more among nations' literature. The Kurdish novelist Bakhtyar Ali by following the realism style with a fantastic imagination made a legendary Magical realism in Kurdish literature.


**Keywords**: Novel, Realism, Markiz, Bakhtyar Ali, Kurdish novel

**Recommended citation:**
Hawezi, D. J. (2016). Jamshid Khani Mamm- Ka Hamisha ba lagal Khoida daibrd As an example of Magic realistic Novel. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 38 – 57.

---

1 Lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of education, Koya University
Daniel Mitterrand Boulevard, Koya KOY45, Kurdistan Region – F.R. Iraq. email;
Darya.Jamal@koyauniversity.org

**(جەمشیدخان ی مامم ـ کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)**

**وەك نموونەیەك بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی**

دەریـا جـەمال حـەوێـزی

**کورتە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی لە (جەمشیدخان ی مامم ـ کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد ـ ) وەك نموونەیەك بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی سەبارەت بە دەرکەوتنی یەکێک لە تازەترین ڕێبازە ئەدەبییەکان کە ئەویش ڕیالیزمی جادوییە لە ڕۆمانی کوردیدا.

لەبەرئەوەی ڕیالیزمی جادوویی بەبەراورد بەڕێڕەوەکانی تری ڕیالیزم دیارترین ڕێڕەوە کە زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت، بەڕەچاوکردنی ئەم مێژووە کەمەی کەهەیەتی، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هاتەکایەوە، تالەڕێگەی دەرخستنی ئەو ڕێڕەوەی ڕیالیزم لەڕۆمانێکی کوردیدا، دەریبخەین گەلی کوردیش خاوەنی ئەم شێوازەی ڕۆمانەو لەمڕووەوە هیچی کەمتر نییە لەنەتەوەکانی تر. لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات جیاوازبێت لەکاری هاوشێوەی پێشوو، کەوا ئەوان کارییان لەسەر چەند ڕۆمانێکی جیاواز کردووە، و ڕێڕەوە جیاوازەکانی ڕیالیزم لەچەند ڕۆمانێکدا دیاریدەکەن، بەلآم لێرەدا تاکە کەرەستە بریتییە لەتاکە ڕۆمانێکی هاوچەرخی کوردی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە سێ بەشی سەرەکی بەمشێوەیەی خوارەوە دابەشکراون:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی (ناساندنی ڕێبازی ڕیالیزم) کە ئەم دوو تەوەرەیە لەخۆ دەگرێت: ( ڕێڕەوەکانی ڕیالیزم)،(بەناوبانگترین پەیڕەوکەرانی ڕێبازی ڕیالیزم). بەشی دووەم: بەناونیشانی (ڕیالیزم و ڕۆمانی کوردی) لە دوو تەوەرە پێکدێت: (چەمک و زاراوەی ڕیالیزم)، (پەیوەندی ڕۆمان بە ڕیالیزمەوە). بەشی سێیەم: بریتییە لە (ڕیالیزمی جادوویی لەڕۆمانەکەدا)، ئەم بەشە لە، سێ تەوەرەیە پێکدێت: (خەیاڵ و فەنتازیا)، (نەریت و خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان)،(بیروباوەڕی ئایینی).

دواتریش گرینگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان بەرچاو دەکەون.

**کلیلە وشەکان: ڕۆمان، ڕیالیزمی جادوویی، مارکیز، ڕۆمانی کوردی، بەختیار عەلی.**

**پێشەکی**

یەکێك لەبەناوبانگترین ئەو ڕێبازانەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەسەر بنیات دەنرێت، بریتییە لەڕیالیزم، کەوا بریتییە لەو ڕێبازەی کەوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ پیشاندەدات، جالەبەرئەوەی لەدێر زەمانەوە گەلی کورد بەزۆر بارودۆخی نالەباردا تێپەڕیووە بۆیە ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەرکەوت، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردیشەوە ڕیالیزم لەڕۆمانی کوردیدا بەدیدەکرێت و تائەمڕۆش بەردەوامە. ڕیالیزمی جادوییش کەوا تازەترین ڕێڕەوی ڕیالیزمە، و پەیوەندی زۆرتری بەو دەقانەوە هەیە کەپشت دەبەستن بەڕەنگدانەوەی ئەفسانەو دابونەریت و کلتووری نەتەوەیی، خەریکە دەپەڕێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، هەروەکو لەم لێکۆڵینەوەیەداو بەشیکردنەوەی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی دەرکەوتنی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی کوردیدا دەسەلمێنین.

**مەبەست لەهەڵبژاردنی بابەتەکە:** یەکێك لەتازەترین ڕێڕەوەکانی ڕیالیزم بریتییە لەڕیالیزمی جادوویی، لەبەرئەوەی ڕیالیزمی جادوویی بەبەراورد بەڕێڕەوەکانی تری ڕیالیزم دیارترین ڕێڕەوە کە زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت، بەڕەچاوکردنی ئەم مێژووە کەمەی کەهەیەتی، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هاتەکایەوە، تالەڕێگەی دەرخستنی ئەو ڕێڕەوەی ڕیالیزم لەڕۆمانێکی کوردیدا، دەربیخەین گەلی کوردیش خاوەنی ئەم شێوازەی ڕۆمانەو لەمڕووەوە هیچی کەمتر نییە لەنەتەوەکانی تر. لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات جیاوازبێت لەکاری هاوشێوەی پێشوو، کەوا ئەوان کارییان لەسەر چەند ڕۆمانێکی جیاواز کردووە، و ڕێڕەوە جیاوازەکانی ڕیالیزم لەچەند ڕۆمانێکدا دیاریدەکەن، بەلاَم لێرەدا تاکە کەرەستە بریتییە لەتاکە ڕۆمانێکی هاوچەرخی کوردی.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەردوو ڕێبازی وەسفی و شیکاری بەکارهاتوون.

**وشە کلیل:** ( ڕۆمان، ڕیالیزمی جادوویی، مارکیز، ڕۆمانی کوردی، بەختیار عەلی).

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی ڕێبازی ڕیالیزم**

ڕیالیزم بریتییە لەیەکێك لەڕێبازە بەناوبانگەکانی هونەرو ئەدەب، کەلەسەرتاسەری ولاَتانی جیهاندا لەلایەن ئەدیب و هونەرمەندانەوە پەیڕەو دەکرێت," ڕێبازی ئەدەبی کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەمای هونەرییە، کەرەخنەگر داوایان دەکات و نووسەران لەبەرهەمەکانیاندا پابەند دەبن پێیانەوە، و ئەدەب بەڕوخسارو ناوەڕۆکەوە دەبەستنەوە بەداخوازییەکانی سەردەم و تەوژمە هزرییەکانەوە"(مستەفاو علی: 2000: 54)، ڕیالیزم وەك زاراوە واتای وێنەگرتنی واقیع دەگەیەنێت، واتە گەڕانەوە بەرەو واقیعی ژیانی کۆمەلاَیەتی، کەلەسەردەمانێکدا بەهۆی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، زیاتر دەچوونە نێو خەیاڵەوە، بەلاَم دواترو" پێش تێپەڕبوونی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئەورووپا کۆمەڵێك ڕێڕەوو تەوژم و بانگەوازی بەخۆیەوە بینی کە بریتی بوون لەهەوڵدان بۆ دەرچوون لەم کێشانەی تووشی ئەدەب و هزر هاتبوو لەسێبەری ڕێڕەوە ڕۆمانسییەکان، کە ئەدەبییان نقووم کردبوو لەخەو خەیاڵی سۆزداری، و ببوون بەهۆیەك بۆ دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئەدەب و واقیع، بەمهۆیەوە فەیلەسووفان و ئەدیب و هونەرمەندان بانگەوازییان دەکرد بۆ گەڕانەوەی ئەدەب بۆ باوەشی واقیع و وێنەگرتنی بەوێنەیەکی وردی دوور لەدەستی خەو خەیاڵی نموونەیی"(مستەفاو علی: 2000: 69)، ڕیالیزم ئەم ڕێبازە بوو کە بەرامبەر ڕۆمانسیزم وەستایەوە، "ڕیالیزم بریتییە لەو بەرهەمەی کەبایەخ بەژیانی کۆمەڵ دەدات، واقیع دەکاتە کەرەستەی دەربڕین، بەلاَم مەرج نییە وێنەیەکی کتومتی واقیع بگرێت"(پیرباڵ: 2006: 84)، واتە هەوڵدەدات لەکردەی نووسیندا ڕووداوەکان واقیعی بن، بەلاَم لەپاڵ واقیعدا گرنگی بەخەیاڵ و ئەفسانەو فەنتازیا دەدات، هەروەکو لەم ڕێڕەوە تازەیەی ڕیالیزمدا دەردەکەوێت کە بەڕیالیزمی جادوویی ناودەبرێت.

زاراوەی ڕیالیزم" زۆر ڕوون نەبوو لەئەدەبدا تا ئەو کاتەی نووسەری فەڕەنسی شانفیلوری لەساڵی 1857دا کۆمەڵێك وتاری ئەدەبی لەبەرگێکدا بلاَوکردەوەو ناوی ڕیالیزمی لێنا"(الحمدانی: 1989: 157)، گرنگترین هۆی سەرهەڵدانیشی ئەوەبوو زۆر ڕووداوو کارەساتی جۆراوجۆر بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هات، ئەدیب و هونەرمەندان ناچاربوون بۆ ڕێبازێك بگەڕێن کەبتوانن بەهۆیەوە وەسفی ئەم حاڵەتانە بکەن کە لەچوارچێوەی ڕێبازەکانی تردا جێگەی نەدەبۆوە، ڕیالیزم ئەو ڕێبازە بوو کەتوانای وەسفکردنی ئەو کارەساتانەی هەبوو، واتە ئەوکاتەی کە" لەولاَتانی ئەورووپاو ئەمەریکا خەڵك حەزیاندەکرد ئەدیبەکان باس لەواقیعی ڕاستەقینەی ژیان بکەن، چیرۆکنووسە گەورەکانی وەك ستانداڵ 1873-1842 و بلزاك 1799-1850 و فلوبیر 1821-1880 لە فەڕەنساو دیفۆر 1660-1731 و فلیندنج 1707– 1754 لەئینگلتەرا دەستیان بەنووسینی چیرۆکی ڕیالیزمی کرد کە لەژیانی واقیعەوە

بەرهەمیاندەهێنا"(www.squ.edu.com.)، هەرچەندە لەمەوپێش ڕیالیزم لای فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان ناسراوە، هەروەکو ئەفلاتون و ئەرەستۆ هەریەکەو بەجۆرێك بۆ لێکدانەوەی واقیع چووە[i].

ئەمەی گوترا وەك سەرەتایەکی مێژوویی، بەڵام لەڕووی زاراوەوە، ڕیالیزم" لەدوو وشە پێکهاتووە Real،isme کەدەکاتە حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە"(پیربال: 2006: 85)، و لەعەرەبیدا بە (الواقعیة) ناسراوە، زۆرجار لەکوردیشدا هەر (واقیعیەت) بەکاردێت.

ڕیالیزم بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئەرك و وەزیفەکانی گۆڕا، بۆ نموونە" لەسەرەتادا بەلاسایکردنەوەی واقیع و پێشکەشکردنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەم واقیعە دەستپێکرد، و ئەدیبی واقیعی کۆن دەبووایە ناوەڕۆکی بابەتەکەی لەواقیعی ژیان خۆی وەربگرێت بەبێ گوێدان بەهەستوسۆز"(راغب: 1975 : 41)، بۆ پێناسەکردنی ڕیالیزم زۆر بیروڕای جیاواز بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە" نازم حیکمەت دەڵێت: ڕووبارێکی گەورەیە ڕووبارە بچووکەکان تێیدا کۆدەبنەوەو ڕێبازەکانی تر لەنیوەی ڕێگادا پەکییان دەکەوێ، بەڵام ڕیالیزم هەمیشە لەڕۆیشتنەکەیدا بەردەوام دەبێ و بەتاقیکردنەوەکانی دەوڵەمەندتر دەبێ"(عارف: 2004: 34)، بەڵام سەبارەت بەپێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ڕیالیزم دەتوانین لەگەڵ دکتۆر عادل گەرمیانی هاوڕابین کە دەڵێت:" ئەمجۆرە پێناسانەو چەندین پێناسەی تری چەمکی ڕیالیزم تەنیا دەلالەتێك دەبەخشن ئەویش نەبوونی پێناسەیەکی تەواوی چەمکی ڕیالیزمە"(گەرمیانی: 1996: 50)، ئەمەش وایکرد چەند ڕێرەوێکی لێدەرکەوێت، یان بەدەربڕینێکی تر:" بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ڕیالیزم دابەشبوو بەسەر چەند قوتابخانەیەکدا وەك ڕیالیزمی ڕەخنەیی و ڕیالیزمی سۆسیالیستی و دواتر ڕیالیزمی سروشتی، هەریەك لەم قوتابخانانەش ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن بوونەوە تا ئەو ڕادەیەی کە دەگوترا ڕیالیزم بەرەو دارمان چووەو لەناوچووە. دواترو لەناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕێرەوێکی تر دەرکەوت لەسەر دەستی چەند نووسەرێکی ئەمریکای لاتین بەتایبەتی لەلایەن هەریەکە لە: ( ئەلیخۆ کاربنیتر، میجیل ئەنخل ئەستوریاس، خۆرخی لویس بورخیس، خولیو کورتاسار، خوان رولف، جابریل گارسیا مارکیز)" العامری: 2014، www.iasi.net )، و لێرەشدا بەپێویستی نازانین بەدوای پێناسەیەك بۆ ڕێبازەکە بگەڕێین بەڵکو ڕێرەوە جیاجیاکانی ڕیالیزم هەریەکە بەجیا دەناسێنین.

**ڕێرەوەکانی ڕیالیزم:**

ڕیالیزم بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونی پەیڕەوکەرانی، و بەهۆی جیاوازی لێکدانەوەی ڕەخنەگران، هەروەها بەهۆی جیاوازی لێکدانەوەی ڕەخنەگران، و " بەسیفەتی ئەوەی چەند بنەمایەکی فەلسەفیش بوو و واقیعی لەئایدیاڵ و ڕۆح جودا دەکردەوە، لەئاکامدا بووە بنچینەیەك بۆ لەدایکبوونی چەندین لقی جۆراوجۆر. ڕەخنەگرو ئەدەبناسان ڕێبازی ڕیالیزم بەسەر چەندین لق و ڕێچکەدا دابەش دەکەن، ئەو لقانەش هەندێك بەزەحمەت لەئەوی دیکە جودا دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەموویان لەیەك سەرچاوەوە هەڵقولاون کەئەویش واقیعە"(پیربال: 2006: 106)، هەربەمهۆیەوە کەسێکی وەك" دیمین گرانت لەکتێبەکەیدا دەربارەی ڕیالیزم زیاتر لە(30) جۆری ڕیالیزم دیاریدەکات"(الحمدانی: 1989: 155)[ii]، بوونی ئەم هەموو ڕێرەوە جیاجیایەی ڕیالیزم وامانلێدەکات بڵێین:" ئەم هەموو ڕێرەوانەی ڕیالیزم بێینەما نین و دروستکراوی ئەنقەستی نووسەران نین، بەو پێیەی ئەدەب و هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعن، واقیعیش فرە ڕەهەندە، ئەمەش وایکردووە لەئەدەب و هونەردا، ڕوخسارو ناوەڕۆکی جیاجیا هەبێت و وەربگرێت"(عەلی: 2012: 37)،" توێژینەوەو قسەکردن لەسەر ڕیالیزم، کارکردنە لەسەر ڕەگەزی مرۆڤ و سروشت، بەهەموو باشی و خراپەکانییەوە، جوانی و ناشرینییەوە، سوودو زیانییەوە...تاد"(عەلی: 2012 : 23)، کەئەمەش کارێکی ئەستەمە، بۆیە ناچارین بۆ زیاتر قوڵبوونەوە بۆ ناوەڕۆکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە تەنها کورتەیەك لەگرنگترین و باوترین جۆرو ڕێرەوەکانی ڕیالیزم، و بەتایبەتیتر ڕیالیزمی جادوویی بخەینەڕوو:

1. **ڕیالیزمی فۆتۆگرافی**: بریتییە لە" باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییە چینایەتیەکان و خستنەڕووی ڕاستی شتەکان ... بەشێوەیەك کەتەواو نزیکبوونەوەو ئاوێتەبوونە لەگەڵ خستنەڕووی فۆتۆگرافی کەتەنها ئەرکی خستنەڕووی کێشەکانەو چارەسەر بۆ کێشەکان نادۆزێتەوە"(سەعید:2006: 49)، واتە تەنها وەك وێنەگرێك وێنەی ڕووداوەکان دەگرێت.

2. **ڕیالیزمی ڕەخنەگری**: ئەو ڕێرەوەی ڕیالیزم تەنها بەوێنەگرتن و پیشاندانی دیاردەکان ناوەستێت، بەڵکو ڕەخنە لەواقیعی کۆمەڵگا دەگرێت و کار لەسەر هاندانی کۆمەڵگا دەکات بۆ ڕەخنەگرتن لەکاری نەشیاو بەمەبەستی چاککردنییان. لەناودارترین پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێرەوە بریتیین لە"چیرۆکنووسی فەڕەنسی (ئەندریە بلزاك 1799-1850ز.) و بەناوبانگترین بەرهەمی بریتییە لە(کۆمیدیای مرۆڤایەتی)، هەروەها نووسەری ئینگلیزی (شارلز دیکنز 1812-1850ز.) خاوەنی ڕۆمانی (دووشار)، و نووسەری ڕووسی (تۆلستۆی 1828- 1910 ز.) خاوەنی ڕۆمانی (جەنگ وئاشتی)، و نووسەری ڕووسی (دستۆفسکی) خاوەنی ڕۆمانی (تاوان و سزا)، و نووسەری ئەمریکی (ئەرنست هەمنگوای 1899- 1961ز.) خاوەنی ڕۆمانی (پیرەمێردو دەریا)."( www.Saaid.net ).

3.**ڕیالیزمی شۆڕشگێرانە**: " ئەم ڕێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەحاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشا. باوەڕێکی شۆڕشگێرانەو پتەوی بەگۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبوو لەخراپەوە بەرەو باش و لەباشەوە بەرەو باشتر ... ماکسیم گۆرکی کەهاوڕێی نزیکی لینین بوو، بەدامەزرێنەری ئەم ڕێبازە لەقەڵەم دەدرێت ... بەناوبانگترین ڕۆمانی سەر بەم ڕێبازە: ڕۆمانی (دایك)ە، نووسراوی ماکسیم گۆرکی"(پیرباڵ:2006: 108)، واتە پەیڕەوکەرانی هانی کۆمەڵگایاندەدا هەوڵی گۆڕانکاری بدەن لەڕێگای شۆڕشەوە.

4. **ڕیالیزمی سۆسیالیستی**: بەناوبانگترین پەیڕەوکەرانی بریتین لە" مەکسیم گۆرکی 1868- 1936ز. ڕووسی خاوەنی ڕۆمانی (دایك)، شاعیری ئیسپانی (لۆرکا 1898- 1936)، شاعیری تشیلیی (بابللۆ نیرۆدا 1904 - 1973)، نووسەری هاوچەرخی فەڕەنسی (جۆرج لوکاش) "(www.Saaid.net)، ئەم ڕێرەوەی ڕیالیزم" لە ساڵی 1934 بەولاوە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتەوە دەستنیشانکراو ئەرکی ئەوەی گرتەبەر چینی کرێکاران و خەڵك بەئایدیالۆژییەت و ڕۆحیانەتی سۆشیالستی (کەسەرچاوەکەی یەکێتی سۆڤیەت بوو) پەروەردە بکات."(پیرباڵ: 2006: 108)، لەسەر بنەمای فەسلەفەی مارکس دروستبوو کەبایەخی بەچینی جووتیارو کرێکار دەدا، و لەبەرئەوەی (گۆرکی) لە (مارکس)ەوە نزیکبوو،" گۆرکی یەکەم کەس بوو زاراوەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی داهێنا دژی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەو هەوڵیدەدا لەبەرهەمەکانیدا جێبەجێی بکات"(نوری: 2006 : 7).

5. **هایپێر ڕیالیزم**: وەك زاراوە بەمانای باڵاتر لەواقیعیەت واتە سەروی واقیعیەت دێت ( En.suomisanakivja.fi www.)،" زۆرتر لەبواری نیگارکێشاندا باوبوو. لەساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیەدا، لەئەمریکا لەلایەن ئێدوارد هۆپەر، شارل شیلەر، ئێندرێو وایەت ڕاگەیەندرا، هەروەها لەلایەن هونەرمەندان مۆنۆری، ژیل ئایلۆد، ۆڵفگانگ، کە شێوازێکی زۆر باریکبینانەیان هەبوو بۆ وێنەکێشانی واقیعی مرۆڤایەتی لەئەمریکا"(پیرباڵ: 2006 : 109).

6. **ڕیالیزمی تازە**: " ئەم ڕێبازە زیاتر لەبواری هونەری نیگارکێشان و شێوەکاریدا برەوی پەیداکرد، بۆ یەکەمینجار لەلایەن سێ هونەرمەندی ئەوروپییەوە ڕاگەیاندرا (ئێڤ کلێین، ڕایمۆند هاینس، ژان تینگێلای) کە لەساڵی 1959دا لەپاریس پێشانگایەکی هاوبەشییان کردەوە کاریگەرێتییەکی گەورەیان خستە سەر هونەر لەفەڕەنساو ئەوروپا"(پیرباڵ: 2006: 109).

7. **ڕیالیزمی جادوویی (سیحری)**: تازەترین ڕێرەوی ڕیالیزمە، زاراوەی ڕیالیزمی سیحری بۆیەکەمجار لەلایەن ڕەخنەگری بواری هونەریی شێوەکاری بەناوبانگی ئەڵمانی (فرانز ڕۆە) داهێنراوە ئەویش لەناونیشانی کتێبێکی خۆیەوە بەناوی (قۆناغی دوای دەربڕینخوازی و ڕیالیزمی سیحری، کێشەکانی هونەری وێنەکێشانی نوێی ئەوروپا)، کە لەساڵی 1925دا بڵاویکردۆتەوە، بەکاریهێناوە، لەڕووی زمانەوە لەدوو وشە پێکهاتووە Magical Realism وشەی Magical لەبنەڕەتدا Magic و Magical یش بەمانای سیحر دێ (عەلی: 2012 :16)، سەبارەت بەسەرەتاکانی دەرکەوتنی زاراوەکەش، دەگوترێت:" ئەم زاراوەیە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوبۆوە بەدەرکەوتنی کارەکانی چەند چیرۆکنووسێکی ئەمریکی لاتینی لە نموونەی نووسەری ئەرژەنتینی خۆرخی لویس بورخیس 1899- 1988ز. و نووسەری کۆلۆمبی گارسیا مارکیز، دواتر بەکارهێنانی بەردەوام بوو بەواتای جۆرێك لەوێنە کە لەسوریالییەتەوە نزیك بوو، کەبابەتە وێنەکێشراوەکان زیاتر سەرسوڕهێنەر بوون وەك جیهانی خەون و ئەوانەی لەجیهانی ئاسایی بەدەرن، دواتر لەئەدەبدا دەرکەوت بەتایبەتی لەڕۆمان و چیرۆك"(www.annabaa.org)، کەواتە هەروەکو چۆن" ڕۆمانی سۆڤێتی جاران و دەوڵەتە سۆشیالیستەکان تایبەتمەندییان لەبابەخدان بوو بەکارو دروستکردنی پاڵەوانی ئیجابی، هەروەها ڕۆمانی ئەمریکای لاتین تایبەتمەندی خۆی لەڕیالیزمی سیحریدا دۆزییەوە"(ڕەشید: 2007: 16).

هەروەها بۆ ناساندنی ڕیالیزمی جادوویی یان (سیحری) دەگوترێت:"ڕیالیزمی سیحری پەیوەندی زۆرتری بەو دەقانەوە هەیە، کەلەڕوانگەی تێکەڵکردن و بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی ئەفسانەو دابونەریت و کلتووری نەتەوەیی دەبێتە ماکێکی سەرەکی لەبنیادی داهێنانی ئەدەبیدا ... بەتایبەتیش لەگەڵ وەرگرتنی خەلآتی نۆبڵی ئەدەبی لەلایەن نووسەری کۆلۆمبی گابرێل گارسیا مارکێز لەساڵی 1982 ئەم شێوازە نووسینە زیاتر کەوتە بەر دیدەو قەڵەمی ڕەخنەگرە ئەورووپییەکان و لێیان کۆڵییەوە"(حسێن:2007: 162)، ئەم ڕێڕەوی ڕیالیزم لەو خاڵەدا لە ڕێڕەوەکانی تر جیادەبێتەوە، کەوا" بریتییە لەتێکەڵییەك لەنێوان واقیع و خەیاڵدا. ئەو تێکەڵییەش لەسەر بنەمایەك دروست دەبێت کەپێیوایە هەموو شتێك لەکارێکی هونەریدا ڕوودەدات ئاساییە، چونکە لەڕۆژانەدا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی پشت بەبناغەیەکی ڕەسەنی ئەفسانەو داستان دەبەستێت و تێکەلآو دەبێت لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئێستامان"(عەلی: 2010: 100)، واتە واقیع لەناو قاڵبێکی خەیاڵ و فەنتازیادا دادەڕێژیت.

بەشێوەیەکی گشتی لەپێناسەکردنی ئەم ڕێڕەوی ڕیالیزمدا دەگوترێت:" ناوی مارکیز بەستراوەتەوە بەناوی ڕیالیزمی جادوویی کەوا وەك شێوازێکی هونەری تایبەت لەڕۆمانەکانیدا بەکاریدەهێنێت، ئەم چەمکە لەیەکەم تێڕاماندا دوو زاراوەی دژ بەیەك لەخۆ دەگرێت ( واقیع) و (جادوو)، بەلآم هەردووکیان بەیەکەوە دوو کەناری ڕووبارێك پێکدەهێنن، ئەمەش هەر لەبەرهەمی ئەدەبیدا دەرناکەوێت بەڵکو ژیانی ڕۆژانەمان بەردەوام لەسەر واقیع ناوەستێت بەڵکو زۆر سەیروسەمەرەی تێدا دەردەکەوێت لەهەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانمان کەوا لێکدانەوەی ئاقلآنەی بۆ نادۆزرێتەوەو دەکەوێتە بازنەی جادوویی نائاشکرا" www.tegarahelwan.yoo7.com، دەشێت بەم چەند دێرە کۆتایی بهێنین بەچەمك و زاراوەو ناساندنی ڕێڕەوەکانی ڕیالیزم.

**بەناوبانگترین پەیڕەوکەرانی ڕێبازی ڕیالیزم:**

ڕیالیزم لەڕێگەی چەند نووسەرو ڕەخنەگرێکی گەورەوە لەناو دەقی ئەدەبیدا تەشەنەی سەند، ئەمانە هەریەکەیان بەهۆی بەرهەمکانییانەوە ڕێبازەکەیان خستە سەرپێ تا گەیاندییانە ئەمەی ئێستا هەیە، بەناوبانگترین ئەو کەڵەنووسەرانەش بریتی بوون لە:

1. **تۆلستۆی 1828- 1910:** نووسەرێکی ڕووسی بوو، یەکێك لەبەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتییە لە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی، ئەم نووسەرە لەبەرهەمەکانیدا هەوڵیدەدا وێنەیەکی هونەری واقیعی کۆمەڵگا بگرێت، چونکە پێیوابوو" هونەر بریتییە لەبەدەرخستنی واقیع و ژیان بەشێوازێکی تایبەتی کە وێنەی دەگرت و چاك و خراپەکانی لێك جیادەکردەوە"(شراره: 1978 : 265).

2. **ئەندریە دی بلزاك:** چیرۆکنووسێکی فەڕەنسی بوو، زۆر شاکاری بەناوبانگی ڕیالیزمی هەیە، بەلآم" گەورەترین کاری بەلزاك (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) یە کەبریتییە لە (150) چیرۆك لەنێوان سالآنی (1829– 1846) نووسراوە"(الحمداني: 1989 : 174)، ئەم بەرهەمە زیاتر نووسەرەکەی بەناوبانگکرد، هەرچەندە لەسەرەتادا کاریگەر بوو بەڕێبازی ڕۆمانتیك، بەڵام دواتر بەرەو ڕیالیزم هەنگاوینا، بەجۆرێك بوو بەیەکێك لەپێشڕەوانی ڕیالیزم، لەگەڵئەوەشدا دەتوانرێت بگوترێت:" بەلزاك هەمیشە بۆ ئەو هۆکارانە گەڕاوە کەبوونەتە مایەی ڕووداوە گرنگە مێژووییەکان و دەکەوێتە وەسفی کەسانێك کە هەوێنی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانەن و هەڵسوڕێنەری چەرخی مێژوون"(عارف: 2004 : 69).

3. **ستاندال 1783 – 1842:** یەکێکە لەپەیڕەوکەرانی ڕیالیزم لە فەڕەنسا، " زۆر لەشەڕەکانی ناپلیۆنی بینی و لەهەرەسی سوپای فەڕەنسی لەمۆسکۆدا بەشدار بوو"(www.yabeyrouth.htm)، ئەمەش وای لێکرد ببێت بەنووسەرێکی ڕیالیزمی کەوەسفی کارەساتەکان بکات،"چیرۆکی (سوورو ڕەش) یەکەم هەوڵدانی ئەمە بۆ ئەوەی ڕێبازی ڕیالیزمی شوێنی ڕۆمانسیەت لەفەڕەنسا بگرێتەوە" (www.yabeyrouth.htm)، و ئەم هەوڵدانەشی سەریگرت و ئەنجامی باشی لێکەوتەوە.

4. **مەکسیم گۆرکی 1868- 1936ز.:** نووسەرێکی ڕیالیستی ڕووسییە، زۆر بەرهەمی ڕیالیزمی بەناوبانگی هەیە، بەناوبانگترین بەرهەمی بریتییە لەڕۆمانی (دایك)، ئەم ڕۆماننووسە بەپێشڕەوی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دادەنرێت،"

ڕۆمانی دایك بەهۆی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئەدەبی و مێژووییەکەی، شوێنێکی گرنگ لەداهێنانەکانی نووسەر داگیر دەکات، ... ڕۆمانی دایك بەقۆناغێکی گەورەی بەرەوپێشچوون لە ڕێبازی داهێنانی مەکسیم گۆرکی دادەنرێت"(كمال الدين: 1975: 5).

5. **چالرز دیکنز**: یەکێکە لەگەورە نووسەرانی بواری ڕیالیزم، ڕۆمانەکانی بەدرێژە پێدەری ڕیالیزمی سۆسیالیستی دادەنرێت،" لە ساڵی 1849 شاکاری (دیڤید کۆپەر فیلْد)ی تەواوکرد، دواتر گەلێك چیرۆکی گرنگی تری نووسیووە وەك (ڕۆژگاری سەخت، کیژۆلەی چکۆڵە، چیرۆکی دووشار (راغب: 1975: 179)، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین" ناوبانگی دیکنز بەڕۆمانی کۆمەڵایەتی گەورە دەستی پێکرد کەژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێ و باشترین ئەم بەرهەمانەش (ماڵی سارد 1853) بوو"( الحمداني: 1989: 177)، لەبەرئەوەی لەنێو چینە نزمەکانی کۆمەڵگادا دەژیاو ئاگاداری ژیانییان بوو بۆیە لەنووسینی یەکەم ڕۆماندا سەرکەوتوو بوو.

6. **دیستۆفسکی:** "ڕۆماننووسێکی ڕیالیستییە لەساڵی 1818 لەپۆرتسموپ لەدایکبوو"(عارف: 2004: 83)،"ڕۆمانە گەورەکانی زیاتر ناوبانگییان بەرزکردەوە بەتایبەتی (تاوان وسزا، براکانی کارامازوف، گێلە، هەرزەکار، شەیتانەکان)"( الحمداني: 1989 : 179).

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێت" پوشکین و تۆلستۆی و گۆرکی بەپێی ڕێبازی بیرکردنەوەی خۆیان دەیاننووسی و بەم پێیە لەخەڵك و ژیان تێدەگەیشتن و ئەوەی تێدا ژیاون نووسیوویانەو ئەوەی نوسیوویانە تێیدا ژیاون".(شرارە: 1989: 37)

**بەشی دووەم**

**ڕیالیزم و ڕۆمانی کوردی**

1. **چەمك و زاراوەی ڕۆمان:**

ڕۆمان وەك زاراوە لەزۆر زمانی دونیادا بەکارهاتووە، لەزمانی کوردیشدا هەمان زاراوە بەکاردێت، ئاشکرایە لەناو ئەدەبدا هەر چەمکێك کەدێتە ئاراوە پێویستی بەکات هەیە بۆ ئەوەی شوێن بۆخۆی بکاتەوە، ڕۆمانیش هەر سەردەمەو بۆ مەبەستێك بەکارهاتوە،" وشەی ڕۆمان بۆ زیاتر لەڕەگەزێکی ئەدەبی بەکارهاتوەو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وشەی ڕۆمان هاوواتای وشەی چیرۆك بووە لەزمانی میللی ڕۆمانی، بناغەی وشەکەش لەوشەی Romance هاتووە مانای بەرهەمی چیرۆکئامێز دێت، ... دواتر وشەی ڕۆمان بۆ بەرهەمگەلێك بەکارهات کە بەتەواوەتی دژی ڕۆمانس بوو کەبە هاوواتای ئەدەبی ڕۆمانتیکی دادەنرا"(حاجی: 2009: 22)، دواتر زاراوەکە واتای تری وەرگرت، تا گەشت بەوەی لەکاتی ئێستادا " زاراوەی ڕۆمان بۆ ئەو نووسراوە جۆربەجۆرانە بەکاردێت کە تەنها لایەنی هاوبەشییان ئەوەیە کەدرێژو پەخشان ئامێزو چیرۆکین، ڕۆمان لەو ڕووەوە کە گێڕانەوەیەکی بەبلاَوە، لە (درێژە) کورتە چیرۆك، و (نۆڤلێت) یش ـ کە لەکورتە چیرۆك درێژترە ـ جیادەکرێتەوە. گەورەیی و بەرفراوانی ڕۆمان ڕێی هاتنەناوەوە بەکەسانی زیاتر دەدات، بۆیە (چنین plot) ەکانی ئاڵۆزترەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەشی گۆڕانکاری زیاتر بەخۆوە دەبینێ. جگە لەوەش ڕۆمان زیاتر لەکورتە چیرۆك یان نۆڤلێت دەستی نووسەر بۆ بزاڤی بەردەوامی و جوانی کەسایەتییەکان ئاوەڵا دەکات".(مستەفا: 2008: 1).

2. **پەیوەندی ڕۆمان بەریالیزمەوە:**

ڕۆمان وەك فراوانترین ژانری ئەدەب، کەوا لەڕووی ڕووداوو ژمارەی کارەکتەرەکانەوە فراوانترە لەچیرۆك، زیاتر دەتوانێت لەکۆمەڵ نزیکبێتەوە، هەربۆیە"یەکێك لەو بابەتانەی کە ڕیالیزمییەکان گرنگییەکی تایبەتییان پێدەدا ڕۆمان بوو، ئەگەر جاران یان پێشتر ڕۆمانسییزمەکان شیعری لیریك بەلایانەوە ژانری یەکەم بوو، کە زیاتر لەباربوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو خەمەکان، بەڵام بەلای ڕیالیزمییەکانەوە ڕۆمان دەیتوانی ئەو هەموو کێشەو ململانێ و جیاوازی بۆچوون و ئایدۆلۆژیاو پێشکەوتنە فەلسەفییە دەربڕێت کە لەو ڕۆژگارەدا هاتبوونە مەیدان"(حسين: 2007 : 132)، یان

بەدەربڕینێکی تر: لەبەرئەوەی" کۆمەڵ بابەتی سەرەکی ڕۆمانەو ڕیالیزمیش هەمیشە هەوڵیداوە واقیعی ئەو کۆمەڵە لەچەند لایەنێکەوە دیسانەوە بەشێوەیەکی هونەری خەڵق بکاتەوە ... ڕۆمان و ڕیالیزم هەردووکییان هەوڵی دەرخستنی واقعیانداوە لەگەڵ بەکارهێنانی خەیاڵی هونەریدا"( گەرمیانی: 1996: 64)، ئەمەش لەئەدەبی گەلاندا بەرچاودەکەوێت هەروەك" تۆڵستۆی لەچیرۆکەکانی خۆیدا گەلێك لەمەسەلە کۆمەلآیەتیەکان بەواقیعبینییەکی کەموێنەوە دەردەبڕێ و دەنوێنێ، بەلآم لەکۆتاییدا وەلآمی ناواقیعی و خەیاڵییان دەداتەوە"(عارف: 2004: 44)، واتە لەبەرهەمە ڕیالیزمییەکانیدا بەجوانترین شێوەی هونەری وەسفی ژیانی گەل دەکرێت، هەر بەهۆی ئەم هۆیانەشە تاکەکانی گەل حەز بەڕۆمان دەکەن، چونکە" ڕیالیزم بەمانا سادەو ساکارەکەی، بەو مانایەی وردەکارییەکانی ژیان بەوردی و تەواوی بخرێنەڕوو. خستنەڕووی وردەکارییەکانی ژیان لەو کارانەیە کەئەدەبی چیرۆکی ئەنجامییاندەدات، ڕۆمان زیاتر لەهەر فۆڕمێکی تر دەتوانێت ڕووداوە ڕابردووەکان بەشێوەیەکی چێژبەخش لەیادماندا زیندوو بکاتەوە. بەخوێندنەوەی ڕۆمان وا هەستدەکەین، کەکێشەکە بەهەمان ئەو شێوەیە کەڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوەو بەهەمان ئەو شێوەیەیە کە نووسەر هەستی پێکردووە"(مستەفا: 2008: 10)، بەهۆی بارودۆخی نالەباری گەلی کورد، دەبینین بەردەوام ڕووداوو کارەساتەکان لەئەدەبی ئەم گەلەدا ڕەنگییان داوەتەوە، و ڕۆمانیش شیاوترین ژانری ئەدەبییە بۆ دەرخستنی کارەساتەکان.

لێرەداو پێش ئاماژەکردن بە ڕۆمانی کوردی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین" بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆمان لەئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش بەرهەمەکەی (محەمەد عەلی کوردی) کەوەك وتمان یەکەم کەسە لەسەر بەرهەمەکەی نووسراوە (ڕۆمان) ئەویش بۆ حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە کەیەکەم کەسە زاراوەی ڕۆمانی لەئەدەبی کوردیدا بەکارهێنابێت. وەك لەشیعرێکیدا دەڵێت: لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە/ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە"(ڕەشید: 2006: 19)، لەم بۆچوونەی سەرەوەدا بەرهەمێکی ( محەمەد عەلی کوردی) بەیەکەم ڕۆمان ناونرا، بەلآم ڕایەکی تر هەیە پێیوایە:" یەکەم کورتە ڕۆمان یان نۆڤلێتی بلآوکراوە لەئەدەبی کوردیدا نۆڤلێتی (لەخەوما) ی (جەمیل سائیب) ە کە لەساڵی 1925 نووسراوە بەلآم تا ساڵی 1975 لەشێوەی کتێب چاپ نەکراوەو ئەگەرچی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوانیش ڕای جیاوازییان هەیە لەپۆلێنکردنی دا" (ڕەشید: 2007: 24)، و بەڕای ئێمەش هەرچەندە زۆرجار بەهەڵە بەڕۆمان ناونراوە، ئەم دەقە چیرۆکێکی درێژە نەك ڕۆمان، لەبەرئەوەی لەڕووی درێژی دەق و کات و ڕووداو ژمارەی کارەکتەرەکان ناگاتە ئاستی ڕۆمان، بۆیە ڕاستر وایە بە چیرۆکێکی درێژ ناوبنرێت نەك ڕۆمان، پێناسی ئەم دەقە هەرچییەك بێت، ئەوا ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی تێدا دەبینرێت، دوای ئەمیش ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوو هەروەکو لەڕۆمانێکی خوسرەو جافدا بەناونیشانی (پاشایان کوشت)، ڕۆماننووس باس لەچەند ڕووداوێکی مێژوویی کورد دەکات، کە دەتوانین ئەمیش هەر بەڕیالیزم دابنێین (گەرمیانی: 1996: 174)، هەروەها ڕۆمانەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد) و (علاءالدین سجادی) بەهەمان شێوە، ئەمانە وەك سەرەتای دەرکەوتن، دواتریش گەر گەشتێك بەناو کتێبخانەی کوردیدا بکرێت زۆر نموونەی تری ڕیالیزم دەدۆزینەوە، بەلآم بەداخەوە،" نووسەری کورد لەبەر گرانی چاپ هەمیشە بەرهەمەکانی لەدەلاقەکاندا تۆزییان لێنیشتووە ئەم نموونەیە بۆ دەیەکانی دیکەش هەر ڕاستە، چونکە ڕەنگە جگە لەم تۆمارانەی کە لەدەیەی هەشتاکاندا چاپکراون ڕۆمانی دیکەش هەبوون، بەلآم بەداخەوە نەتوانراوە چاپبکرێن، کەچی تێبینی دەکرێ زۆربەی ئەم ڕۆمانانەی کە لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا ماونەتەوە لەدوای ڕاپەڕین چاپکراون، بۆ نموونە (ڕێگا)ی مەم کەبەرهەمی حەفتاکانە لەگەڵ (ئاگری بن کا)ی ناکام دوای ڕاپەڕین چاپکراون، ڕەنگە لە کاتی خۆیدا چاپ بکرابوونایە بۆ سالآنی حەفتاکان حسابێکی دیکە بوو بۆ ئەوان و بۆ ڕۆمانی کوردی .. هەمان نموونەشم بۆ ڕۆمانەکەی (مەرگی تاقانەی دووەم) ی بەختیار عەلی هەیە، کە من ئاگادارم ئەم ڕۆمانە لەناوەڕاستی سالآنی هەشتاکان درایە (سەعدوڵلآ شێخانی) کەئەوسا وەك دەزگایەکی چاپەمەنی کتێبی بۆ نووسەران لەچاپدەداو من خۆم ئەم ڕۆمانەم لەچاپخانەی (الحوادث) لای سەعدوڵلآ بینی، کەچی مخابن بزریان کرد!! بێگومان ئەگەر سالآنی هەشتاکان چاپبکرایە ئێستاکە تەواو هاوکێشەکەی گۆڕیبوو، چونکە ڕۆمانێکی هونەری وەها بۆ ئەم سەردەمەو سالآنی هەشتاکان شتێکی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ بەرهەمی باشتر"(ڕەشید: 2006: 25).

جا لێرەداو دوای ناساندنی ڕێبازی ڕیالیزم و پیشاندانی سەرەتاکانی دەرکەوتنی لە ڕۆمانی کوردیدا، دەتوانین بڵێین" ئەگەر ڕیالیزم بریتی بێت لەچوونە ناو وێنەکێشانی ژیان، و وێنەگرتنی ڕاستەقینەی نموونەی ژیان، ئەوا ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی نموونەیەك بوو لەوێنەگرتنی واقیع، وێنەگرتنی ژیانی چینەکانی کۆمەڵ، کەوا زۆرینەن، کەوا جەماوەری ڕەنجدەران بوون، و گوزارشتی لەبۆچوون و تێکۆشانی ئەو زۆرینەیەی گەل دەکرد بۆئەوەی بەرەو پێشییان ببات و بارودۆخییان باشتر بکات، وەك ئاوێنەیەك وابوو بۆ تێکۆشانەیان"(رسول: 2010: 107)، بەلآم ئەم دەرکەوتنەی ڕیالیزم

لەئەدەبی کوردیدا لەهەموو قۆناغێکی مێژوویدا هاوشێوە نەبووە، هەرچەندە" ڕۆمانی کوردی تۆمارێکی ڕیالیزمی بووەو بۆنی خۆی لێهاتووە وەك خۆی خوێندراوەتەوەو ئەگەر کاریگەری بووشبێت بەڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ئەدەب و ڕۆمانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کاریگەر بووە، ... بەڵام لەدوای ڕاپەرین ڕۆماننوسەکانمان بەتایبەتیش لاوەکان لەژێر کاریگەری ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و ڕۆمانی فەڕەنسی نوێ ڕۆمانییان نووسیووە"(ڕەشید: 2007: 20)، ئەمەش بەهۆی ئەو تەشەنەکردنە بەربلاوە بووە کەوا ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی لەم ساڵانەی دواییدا بەخۆیەوە بینی، هەروەکو (بەختیار عەلی) یش وەك ڕۆماننووسێکی لاوی کورد هەوڵیداوە ڕۆمانەکەی بەپاڵپشتی یەکێك لەڕێبازە هەرە تازەکان دابڕێژێت کە ئەویش ڕیالیزمی جادووییە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بەوە بووە پشت بەو ڕووداوە مێژووییانە ببەستێت کەوا لەولاتەکەیدا ڕوویداوە، هەروەکو"زۆربەی ڕۆمانووسەکانمان ئەو ژینگەو شوێنەیان بۆ ڕووداوەکانی نێو دەقەکانییان هەڵبژاردووە کەخۆی تێیدا لەدایکبووە یان تێیدا ماوەیەك ژیاوە"( گەرمیانی: 1996: 60)، و نووسەران هەوڵدەدەن بابەتێك هەڵبژێرێن کەوا زۆرترین خوێنەری بەدەوردا کۆبێتەوە، چونکە" هەڵبژاردنی بابەتی زندوو یەکێکە لە بنەڕەت و بنەما گرینگەکان کە پەرەسەندنی ڕیالیزم پێوەی بەندە. نووسەری ریالیست، هەمیشە خۆی بەو مەسەلانەوە خەریك دەکات کە عەوامگیرن کەنەخش و ڕۆڵی زیندویان لەزەمانی خۆدا هەیە"(عارف: 2004: 38)، ئەم ڕۆماننووسەش بەهەمان شێوە چەند ڕووداوێکی مێژوویی لەچەند ناوچەیەکی کوردستان و عێراق دەکات بە کەرەستەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی، هەموو ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییانەی لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا سەبارەت بە ڕێبازی ڕیالیزم و ڕێڕەوی ڕیالیزمی جاوویی دەستنیشانکرا، هەوڵدەدرێت لەبەشی سێیەمدا بەشیکردنەوەی نموونە لە ڕۆمانەکەدا ڕوونی بکەینەوەو بەمهۆیشەوە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە وەك نموونەیەك بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی بسەلمێنین.

## بەشی سێیەم

## ڕیالیزمی جادوویی لەڕۆمانەکەدا

سەرەتای ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە بەو وتەیەی ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) دەست پێدەکەین، کەوا لەدیدارێکدا دەڵێ:" ڕۆمانەکانی من بەهیچ مانایەك مێژوویی نین، بەڵام باوەڕیشم بەپچڕانی نێوان مرۆڤ و مێژوو نییە، مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا واتە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوودا"(عەبدوڵلاّ: 2006: 132)، واتە هەرچەندە ڕۆمانەکانی هەڵقولاوی ناو مێژووی گەلەکەیەتی، بەلآم وەک لای هەمووان ئاشکرایە ڕۆماننووس مێژوونووس نییە تا دەقاودەق ڕووداوەکان تۆمار بکات، بەڵکو بۆ نووسینی ڕۆمان پێویست دەکات واقیعی مێژوویی بەخەیاڵێکی هونەری جوان ئاوێتە بکات، هەرچەندە لەمبارەیەوە دەگوترێت:" ناکرێت ئەوە پشتگوێ بخەین، ئایا مەبەست لەواقیع، کۆپیکردنی واقیعەو نووسەر یان هونەرمەند هیچ ڕۆڵێکی نییە جگە لەوەی وەك وێنەگرێك وێنەیەکی فۆتۆگرافی واقیعەکە دەگرێ و هیچی تر؟ یان ئەوەتا واقیعێك، کە هونەر بەرهەمی هێناوەو ئاوێتەی سەلیقەو کارامەیی هونەرمەند دەبێت و پێی دەوترێت (واقیعی هونەری)؟ چونکە بەرهەمی ئەدەبی، یان هونەری، یاخود فەلسەفی، لە کۆنەوە تا ئێستاش زۆرو کەم پەیوەندی بەواقیعەوە هەر هەبووەو لێی دانەبڕاوە، لەئاکامی ئەمەدا لێکۆڵەران سەبارەت بەخستنەڕوو یان ڕەنگدانەوەی واقیع هاوڕا نین، هەیانە ڕای وایە واقیع بەشێوەیەکی هونەری لەبەرهەمی نووسەراندا ڕەنگدەداتەوەو مەرج نییە کتومت واقیعە ڕاستەقینەکە بێت، ئەگەرچی لەویشەوە وەرگیرابێت"(محەمەد: 2014: 7)، ئەم ڕۆمانەی بەردەستیشمان زیاتر لەگەڵ بۆچوونی دووەمدا یەکدەگرێتەوەو دەبینین پشتی بەواقیعێکی مێژوویی بەستووە، بەلآم ئەو واقیعە بەشێوەیەکی هونەری دەخاتەڕوو، ئەو خەیاڵە هونەرییەیە کەوا ڕۆمانەکە دەکات بەڕۆمانێکی ڕیالیزمی جادوویی.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەو چەند ڕستەیە دەستپێدەکات:"***لەسەرەتای ساڵی 1979 دا کە جەمشیدخان بۆ یەکەمجار گیرا تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، ئەوکات بەعسییەکان لەسەرتاسەری عێراقدا دەستیانکردبوو بەڕاوەدوونان و گرتن و ئازاردانی کۆمۆنیستەکان کەتا ماوەیەکی کورت لەوەوبەر یەکێك لەهاوپەیمانە سەرەکییەکانی (شۆڕش و سەرۆکی فەرماندە بوون)***"(ڕۆمان: 3)، ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە واقعێکی مێژووییە، دەسەلآتدارانی" بەعس تەنانەت کۆمۆنیستەکانیشتی هەڵنەبوارد. کاتێك حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەبەهاری 1970دا هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی گرتەبەر،

ڕژێم ئەندامەکانی دەستگیرکردن و لەحوزەیرانی 1970 سەدان کۆمۆنیست لەگرتووخانەکاندا بوون"(حەمەغەریب و حەویز: 2011: 227)، هەڵمەتی گرتن و ڕاوەدوونانی کۆمۆنیستەکانی عێراق لەسەرەتای سالآنی 70ەوە تا چەند ساڵێك بەردەوام بوو، ئەم هەڵمەتە شاکەسی ڕۆمانەکەش دەگرێتەوە، بەهۆیەوە بنیاتی سەرەکی ڕۆمانەکە بنیات دەنرێت. دوای ئەوەی (جەمشیدخان) دەخرێتە بەندینخانەوە، لەوێدا بەهۆی سزا بێوێنەکانی دەسەلآتدارانی ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی کێشی لەشی کەمدەکات، دیارە ئەم سزایە لەمێژووی ئەم دەسەلآتەدا بەواقیع هەبووە، جەللادەکانی بەعس چەندین ماددەی کیمیاییان لەسەر زیندانییەکان تاقیدەکردەوە، بۆ نموونە:" سالیۆم: کە لەبنەڕەتدا بۆ کوشتنی جورجی گەورە بەکاردێ بە (مەرگەمووش) ناسراوە، بۆ وێنە بڕێکی کەم لەم ژەهرە لەڕێگەی پەرداخێك ئاوەوە دەرخواردی (وەحید جیهاد) درا، کاتێ کەزیندانی بوو، سەرەتا تووشی لەهۆش خۆچوون بوو، ئنجا وردەوردە لاواز دەبوو، بەگشتی تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو،..."(تەیب: 2012: 189)، دەشێت ڕۆماننووس سوودی لەم بابەتە وەرگرتبێت و وای پیشانبدات کە جەمشیدخانیش سزایەکی لەمشێوەیەی بەرکەوتبێت، سەرەڕای ئەوەش لەڕۆمانەکەدا دەگوترێت: ***"بەعسییەکان ماوەیەك جەمشید لەنێوان گرتووخانە بەناوبانگ و ترسناکەکانی عێراقدا دەهێنن و دەبەن، پێدەچێت هۆی سەرەکی لاوازبوونی جەمشیدخان و لەدەستدانی بۆ کێشی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە دوورودرێژەی ئەشکەنجەو برسێتی کەلەزیندانە جیاوازەکاندا چەشتیوویەتی"*** (ڕۆمان: 3)، دیسان هەر لەمبارەیەوە دەگوترێت:***" هەرچییەك بێت جەمشید لەزیندان زۆر لاواز دەبێت و کێشی تەواو دادەبەزێت. بەعسییەکان کە هیچ بایەخێکیان بۆ ژیانی ئادەمیزاد لا نەبوو، نرخێك بۆ ئەوە دانانێن و بەکاریگەرییەکی سروشتی ئەو میتۆدە چاك و شێوازە تازانەی ئەشکەنجەی حیسابدەکەن کەخۆیان بەهاوکاری پسپۆڕانی بیانی خستوویانەتە بەرنامەکانی زیندانەوە"*** (ڕۆمان: 4)، بەهەرحالَ دیارە بەهۆی سزا بێوێنەکانی بەعسەوە، جا بەدەرمانی کیمیایی بێت یان برسییەتی یان هەر هۆکارێکی تر، جەمشید تووشی ئەو حاڵەتە نامۆیە دەبێت، کەوا تەواوی ڕۆمانەکە بەدەوری ئەو بابەتەدا دەخولێتەوە.

جا بۆ ئەوەی بتوانین ڕوونتر پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە وەلآمبدەینەوە، بوونی خاسیەتەکانی ڕیالیزمی جادوویی لەڕۆمانەکەدا بدۆزینەوە، دەرخستنی خاسیەتەکانی ڕیالیزمی جادوویی لەڕۆمانەکەدا بەسەر چەند خاڵێکدا دابەشدەکەین:

1. **خەیاڵ و فەنتازیا:**

مەبەست لەخەیاڵ و فانتازیا، هەموو ئەو ڕووداوانەن کەوا لەواقیع بەدەرن، ڕووداوی ناواقیعی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە کەوا جەمشیدخان ی شاکەسی ڕۆمان بەردەوام با لەگەڵ خۆیدا دەیبات، لای هەمووان ئاشکرایە لەدێر زەمانەوە مرۆڤ هەوڵیداوە لاسایی باڵندەکان بکاتەوەو بتوانێت وەك ئەوان بفڕێت، بەلآم سەرجەم هەوڵەکانی بەفیڕۆچووە، و تا داهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئاسمانی نەیتوانیوە لەزەوی بەرزبێتەوە، بەلآم لەڕۆمانەکەدا سەرەڕای پشتبەستن بەواقیع، ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە بەدەوری ڕووداوی خەیاڵی فڕینی بەردەوامی (جەمشیدخان)دا دەخولێتەوە.

ئاشکرایە شاکەسی ڕۆمان خۆی دەستی لەکرداری فڕینەکەیدا نییە، بەڵکو:***"کەس بەتەواوەتی نازانێت جەمشید لەچ ڕۆژێکدا با دەیبات. هێند هەیە یەکەمین فڕینی لەزیندانێکی تایبەت لەکەرکوکەوە دەستپێدەکات و کاتەکەشی شەوێکی ساردی زستان دەبێت"*** (ڕۆمان:4)، ئەمە یەکەم فڕینییەتی:***" هەستدەکات وەك پووش بەخێرایی با دەیبات، لەدیوارەکانی زیندان بڵێندیدەکاتەوە، سەرەتا شاقوڵی بەرەو بالآ هەڵیدەگرێت، دواتر کەدەگاتە سەرووی سەقفەکانی هەیئەتی ئاسایشی باکور (کەدەبێت ناوی ئەو جێگایە بێت کە جەمشیدی تیا دیل بووە)، ئاسۆیی وەك پیاوێك لەسەر پشت ڕاکشابێت تەختیدەکات، هەڵیدەگێڕێتەوە،..."*** (ڕۆمان: 5)، ئەو شوێنەی یەکەمینجار جەمشید تێیدا با دەیبات شوێنێکی واقیعییەو لەو ولآتەدا بوونی هەیە، سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن"حکومەت لە 27ی کانونی یەکەمی 1977 بەپێی بڕیاری 1426ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستەی تایبەتی لەکەرکوك (هیئة الخاصة فی کرکوك) دامەزراند، ئەم دەزگایە ببوو بەشوێنی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر چارەنووسی پێشمەرگەی گیراوو ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشارو هەموو ئەوانەی گومانی هاوکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان لێدەکرا."(تەیب : 2012: 37)، ئەم دەزگایە شوێنێك بووە بۆ ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەی وەك جەمشیدخان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکران، واتە شوێنەکە لەواقیعی ئەم ولآتەدا بوونی هەیە، بەلآم ڕووداوەکانی تێیدا ڕوودەدات بەخەیاڵ ئاوێتە کراوە، ئەو خەیاڵ و فەنتازییایە یەکێکە لەخاسیەتەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی.

ئەمە یەكەم فڕینی جەمشیدە، ئەو با بردن و فڕینە لەچەندین شوێندا دووبارە دەبێتەوە: كاتێك ڕووداوێكی وەك فڕین بەسەر ئەو كارەكتەرەی ڕۆماندا دێت بێگومان تووشی شۆك و سەرسوڕمانی دەكات: ***"... دروست دوای ئەوە كەس نازانێت چی ڕوودەدات، بەڵام ئاشكرایە كەبایەكی لەناكاو زۆر بەهێز دێت، بۆ یەكەمجار ئەو بایە جەمشیدخان لەسەر زەوی بەرز دەكاتەوە... ئەوەی لەیادی جەمشیددا ماوە ئەوەیە كەسەرەتا هەست بەگرژبوونێكی گەورە دەكات، ترسێكی گەورە دایدەگرێت"*** (ڕۆمان: 5)، دیارە كەسێك لەگەڵ با دا بفڕێت بێگومان هەستێكی نامۆی لا دروست دەبێت، بۆیە ***"جەمشید لەو بەرزییەوە كەوتە قسەكردن و پێگوتین كەجۆرە هەستێكی هەیە كەپێشتر لەژیانیدا نەیبینیوە، هەستێك كە لەخۆشی كەسێكدا كورت ناكرێتەوە كە با فڕاندویەتی و دەتوانێت لەباڵاوە لەخوارەوە بڕوانێت، بەڵكو هەستی یەكێكە كەدڵنیایە ژیانێكی هەیە ئەوانی دی نایانبێت و ئیشگەلێك دەكات كەسی دی نایكات و شتگەلێكیش دەبینێت كەجگە لەو كەسی دی نایانبینێت."*** (ڕۆمان:17)، كەواتە لەم قۆناغەی سەرەتای فڕینیداو بەهۆی بینینی دیمەنی شار لەسەرەوە خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەم خۆشحاڵییە، بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان تووشی ترس و دڵەڕاوكێی دەكات:***" با دەیبات و دەیبات. جەمشید ئێستا هەر ئەوەندەی لەبیرە كەلەسەرەوە هەموو شاری بینیوە، ڕووناكییەكان، چرای ماشێن و ڕوناكی زنجیرە گڵۆپی سەر شەقامی گەورە گەورە، بەڵام ترس بواری ئەوەی پێنادات لەهیچ شتێك وردببێتەوە، لەگوژمێكی گەورەدا با بەخێراییەكی گەورە ڕووەو قووڵایی ئاسمان دەیفڕێنێت و لەكەشەكەشانی فەلەكدا لەهۆش خۆی دەچێت"*** (ڕۆمان: 5، 6)، كەسێک بەئاسماندا بخولێتەوەو دیمەنی جیاجیای سەر زەوی ببینێت كەوا لەمەوپێش نەیدیتووە، بێگومان هەستێكی نامۆی لا دروست دەبێت، ئەم خۆشحاڵ بوونەی جەمشیدخان لەشوێنی تریشدا لەڕۆمانەكەدا دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە: ***"... ئەوشەوە ئێمەیان بەرەو جێگایەكی باگیر بردو وەك جاران پەتمان لەجەمشیدخان بەست و بەرەو ئاسمان هەڵماندا، جەمشید بەڕاستی چێژی لەو فڕینەی خۆی بینییەوە، وەك ئەوە بوو تازە بفڕێت و یەكەمجار بێت با لەگەڵ خۆیدا بیبات..."*** (ڕۆمان: 40-41)، كەواتە ئەو حاڵەتەی بەسەر جەمشیددا ڕوودەدات هەرچەندە چەندجارێک وایلێدەكات هەست بەجۆرێك لەخۆ بەگەورە زانین و لووتبەرزی بكات، بەڵام هەندێكجار ئەو هەستەی دەگۆڕێت بۆ ترس و دڵەڕاوكێ. لەكۆتایی ڕۆمانەكەشدا هەستی ئەو كارەكتەرە دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لەنائومێدی و هەستكردن بەبێزاری:***" ئەوشەوە كەبڕیاریدا بڕوات و نەگەڕێتەوە، بەخۆمان و هەزاران مەتر لەڕایەلەوە چووین بۆ سەر بەرزترین لوتكەی نزیك شار، لەوێ بەرلەوەی بفڕێت باوەشمان بەیەكداكرد، جەمشیدخان لەو سەر ترۆپكەوە سەیری دونیای كردو هەناسەیەكی هەڵكێشا، من سەیرمكردو گوتم (جەمشیدخان بزانە، من هەموو ژیانم ئاواتی ئەوەم خواستووە بتوانم یەكجار.. یەكجار وەكو تۆ بفڕم) پێكەنی و گوتی (منیش هەموو ژیانم ئاواتی ئەوەم خواستوە زەوییەك بدۆزمەوە مرۆڤ تێیدا بانەیبات)."*** (ڕۆمان: 148)، واتە لەڕووداوی فڕین ئەوەندە گرفتی دێتە ڕێگە تا دەگاتە ئەوپەڕی نائوێدی و ئاواتی ئەوە دەخوازێت كەوا شوێنێك بدۆزێتەوە كەوا تێیدا با نەیبات.

ئەوەی تا ئێستا لەبارەی فڕینەكەوە باسكرا، تایبەت بوو بەهەستكردنی جەمشید خۆی لەم حاڵەتەدا، بەڵام لەڕۆمانەكەدا دەردەكەوێت، كەوا بۆ لەنگەڕاگرتنی جەمشیدخان لەكاتی فڕیندا، بەردەوام دووكەس هاوڕێ و هاوسەفەری بوون، ئەوانیش بەسەرسوڕماییەوە باس لەفڕینی جەمشید دەكەن:***" ئەو شەوە لەكاتی دیاریكراودا كاتێك با بەرەو باكوری خۆرهەڵات هەڵیكرد، من و سمایل، جەمشیدخانمان بەرەو ئاسمان بەردا. بای باشور وەها خێرا بوو لەچەند ساتێكی كەمدا ئەو وەك كۆلارەیەكی ڕەش لەئاسماندا ون بوو... تاكە شتێك لەجەمشیددا هەستم پێدەكرد قورسایی و جوڵەو بزێوی ئەو پەتە بوو كە با بەخێرایی لەبەكرەكان ئازادی دەكردو مامم لەگەڵیدا بەرەو باكور دەفڕی."*** (ڕۆمان: 31)، هەروەها باس لەوە دەكرێت زۆرجار هەستییان بەكێشی جەمشید كردووە، ***" شەوێكییان بەلەیەكدانی گوریس جەمشید نزیكی سەد مەتر لەئاسماندا بەرزبووەوە، تا زیاتریش بەرزببایەتەوە كێشی كەمترو گرتنی ئاسانتر دەبوو،..."*** ( ڕۆمان: 21)، ئەوەی سەرەوە سەبارەت بەهەستكردن بەكێش و قورسایی،***" ... بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی كاتدا پەتەكەی نێوان ئێمەو جەمشید لەوە كەوتبوو پەتێكی بێڕۆح و مردوو بێت و بووبوو بەكەناڵێكی ڕاستەقینەی گواستنەوەی هەست و ترس و خواستەكانیش، گەر ئێمە لەخوارەوە بخەوتباینایە جەمشید بەسروشتی گرتنی پەتەكەدا دەیزانی و لەسەرەوەڕا توندیدەكردو تەكانی بەخۆی دەدا تا بەئاگا دەهاتینەوە، گەر جەمشیدیش لەئاسماندا بخەوتبایە ئێمە هەستمان پێدەكردو وەها گوریسەكەمان ڕادەكێشا، ئەو كەزۆر حەزی لەخەوی ئاسمان بوو، بەئاگا دەهاتەوە."*** (ڕۆمان: 34-35)، كەواتە جگە لەوەی حاڵەتی با بردن و فڕینی شاكەس خۆی لەخۆیدا لەخەیاڵ و فەنتازیا زیاتر نییە، سەرەڕای ئەوەش خاڵێكی خەیاڵی تر ئەوەیە كەوا پەتێك لەنێوان ئاسمان و زەوییدا دەبێتە هۆكارێك بۆ پەیوەندیكردن لەنێوانییاندا، ئەو وەسفەش جگە لەخەیاڵ و فانتازیا هیچی تر نییە، و دەشێت ئەو خاڵەش لەپاڵ فڕینەكەدا ببێتە بەڵگەیەكی تری دەركەوتنی خەیاڵ و فەنتازیا لە ڕۆمانەكەدا وەك خاسیەتێكی ڕیالیزمی جادوویی.

هەروەها وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، ئەو فڕین و با بردنەی جەمشیدخان تووشی نەهامەتی و ناڕەحەتی دەکات، سەرەتای نەهامەتییەکانیش لەوەوە دەستپێدەکات کەوا سوپای عێراق وەك کەرەستەیەکی سەربازی بۆ جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەکاریدەهێنێت، ئەو جەنگەی کەوا لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەشت ساڵ درێژەی کێشا، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەو جەنگە زۆر بوون،" هیچ گومان لەوەدانییە کە هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان ئێران و عیراقدا پەیوەندیی هەبوو بە زەمینەیەك لە ڕق و کینەی دوورو درێژەوە ـ تەنانەت بە بارودۆخێکی بەردەوامی گرژیی ـ لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا. هۆکاری سەرەکیش لەنێوان ئەمانەدا کێشەی سنوور بوون، کەلەگەڵ ترسێکی گەورەتری عێراق تێکەڵ ببوو ـ تەنانەت ئەگەر هەست پێنەکراویش بێ ـ سەبارەت بەداگیرکاریی ئێران. هەر لەسالآنی بیستەوە (سەدەی پێشوو) ئەوە لەمێشکی عێراقییاندا بوو کەئێران وردە وردە دەستدرێژیی کردووەتە سەر خاکی (عەرەب)"(غەریب و حەوێز: 2011: 291 – 292)، بەلآم جەنگی هەشت ساڵەی نێوانییان" لە 1980/9/22 دا هەڵگیرسا، کاتێ کە هێرشی ئاسمانی چڕوپڕ لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان لەقوولآیی خاکی ئێران دەستپێکرد"(تەیب: 2012: 228)، لەو جەنگە درێژخایەنەدا فەرمانڕەوایانی هەردوو دەوڵەت هەموو ڕێگایەکییان تاقیکردەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا، یەك لەو هۆکارانەش کەوا بەشێکی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە پێکدەهێنێت بریتییە لەبەکارهێنانی جەمشیدخان بۆ سوودی سوپا: ***" ... کاتێك پزیشکەکان لەتواناى فڕینى ئەو دڵنیا دەبن، دواى دانیشتنێکى داخراوو نهێنى لەنێوان خۆیاندا بیر لەوە دەکەنەوە کەمامم سودى لەو فڕۆکە جەنگیانە زیاترە کەلەدوژمن وننابن و لەکاتى خۆیان ناگەن و کارى سیخوڕیى تەواویان بۆ ناکرێت، لەبەرئەوە هەر زوو فایلەکەى بۆ لاى وەزیرى بەرگرى بەرزدەکەنەوەو داوادەکەن لێکۆڵینەوەى تایبەتى لەسەر تواناکانى جەمشیدخان بۆ سوپا بکرێت. وەزیر دواى ئەوەى لەباغێکى هێمندا چاوى بەفڕینى مامم دەکەوێت، پێشوازییەکى تایبەتى لێدەکات و پێیدەڵێت کەدەتوانێت سوودێکى گەورە بەهێزەکانى وڵاتەکەى بگەیەنێت."*** (ڕۆمان: 25)، دوای ئەو پێشوازییە جەمشید بەهاوڕێیەتی دووکەس لەکەسە نزیکەکانی بەرەو بەرەکانی جەنگ دەگوازرێتەوە، هەروەکو ( سالار خان) ی برازای جەمشیدخان و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە دەڵێت: ***" ئێمەو مامە جەمیشیدم لەزۆربەى شەڕە گرنگەکاندا ڕۆڵمان هەبوو، کەسوپاکانى عێراق پەلامارى خورەمشەهریاندا مامەجەمشیدم شەوو ڕۆژ بەئاسمانەوە بوو"*** (ڕۆمان: 33).

دیارە کەسێک لەجەنگدا بەشداربێت و بەشداریکردنەکەشی بەو شێوە دەگمەنەی جەمشیدخان بێت، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت ڕووبەڕووی کارەسات ببێتەوە، بەڵام شاکەسی ئەو ڕۆمانە جگە لەوەی چەندجارێک بەسووکی بریندار دەبێت ڕووبەڕووی مەرگ یان برینێکی سەخت نابێتەوە: ***" ئەوشەوە مامم کەوتە بەردەمى هێزەکان و من لەتاریکیدا دواى پەتەکەى کەمەرى کەوتم و پاش سەعاتێك گەڕان بەبریندارى و بێهۆشى لەنزیك ئێرانییەکانەوە دۆزیمەوە، تەنیا خۆشبەختیمان لەوەدابوو نەکەوتبووە ناو کێڵگەکانى مین و ئەودیو تەلبەندەکان و نزیك خاڵەکانى پاسکردنەوە. ئەوشەوە من بێهۆش هەڵمگرت و هێنامەوە بۆ نیشتەجێى خۆمان و لەگەڵ ئەفسەرى یاوەردا، فڕانمان بۆ بەرەکانى دواوەى جەنگ"*** (ڕۆمان: 38)،هەروەها لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکدا دەگوترێت: ***"شەوێك لەهەرێمى واسیت، دەبوو کارێکى نهێنى لەناو خاکى ئێراندا جێبەجێبکەین، فەرمان وابوو بەکۆمەکى دە کۆماندۆى تایبەت چەند کیلۆمەترێك بچینە ئەودیو هێڵى بەرگرى دوژمنەوە. ئێمە خەبەرمان لەوە نەبوو کەئێرانییەکان ئاگادارى هاتنى ئێمەن، چاوى خەبەرگرو چاودێرەکانى پێشەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئێمەو کۆماندۆکانى دیکەیان بینى بوو، بەلآم لێگەڕابوون تا دەگەینە جێگاى خۆمان. ئێمە بەخەیاڵێکى بێباك و نەترس لەشوێنى مەبەستدا جەمشیدخانمان بەست و پەتمان ڕاکێشاو مامم بەکاوەخۆ لەئاسماندا بەزربووەوە. زۆر نەبوو کەجەمشید گەیشتبووە بەرزایى خۆى کەئێرانییەکان ئێمەیان دایە بەر هاوەن و دەستڕێژ"*** (ڕۆمان: 42). ئاماژەکردن بەو جەنگە ئەو خاڵەیە کەوا ڕۆمانەکە بەڕیالیزم ئەژماردەکات، بەلآم لەبەرئەوەی بەشدارپێکردنی جەمشیدخان لەم جەنگەدا وەك جۆرە چەکێکی دەگمەن دەردەکەوێت، ئەمەش حاڵەتێکی خەیاڵیی و دوور لەڕاستییە، بۆیە ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات بەڕۆمانێکی ڕیالیزمی جادوویی ناویببەین.

لەڕۆمانەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا لەو شەوەدا ئەو گروپە سەربازەی لەگەڵ جەمشیدابوون زۆربەیان لەناوچوون، جەمشیدیش لەوێدا دەکەوێتە دەست سوپای ئێران: ***" ئەوشەوە تەنیا من و سمایل و ئەبو ئەیوب گەڕاینەوە، با جەمشیدى لەگەڵ خۆیدا بەرەو بەرى ئێران برد، هەر نۆ کۆماندۆکەى دیش کوژران.. ئەوە تراژیدترین شەوى ژیانى سەربازیمان بوو. لەدەستدانى جەمشیدخان لەکردارێکى وا هەڵەو بێحیسابدا، وایکرد چەند ئەفسەرێکى گەورە پۆستەکانیان لەدەستبدەن و پایەى سەربازیان دابەزێت"*** (ڕۆمان:43)، لێرەوە بەشداری پێکردنی جەمشید لەجەنگدا لەپاڵ سوپای

عێراق کۆتایدێت، و ماوەیەک لەپاڵ سوپای ئێرانیشدا بەشداری جەنگ دەکات، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن ئەو سوپایەوە بەشێوەیەکی ترە، بۆیە لەتەوەرێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەی پێدەکەین.

## 2. نەریت و خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان:

یەکێکی تر لەتایبەتمەندییەکانی ڕیالیزمی جادوویی بریتییە لەسوودوەرگرتن لەو دابونەریتانەی کەوا لەکۆمەڵگادا باوەو ڕۆماننووس بۆ چنینی ڕووداوەکانی ڕۆمان پشتییان پێدەبەستێت، لەم ڕۆمانەشدا چەند نەریتێکی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بەدیدەکرێت، کەوا بەڵگەیەکی ترن بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆمانەکە بەڕۆمانێکی ڕیالیزمی جادوویی.

بۆ نموونە لەڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کەوا جەشیدخان دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکەوە، بۆ گەیاندنی ئەو هەستەش بۆ خۆشەویستەکەی دەیەوێت سوود لەفڕین وەربگرێت: ***"گوتی هەر کاتێك هەوا جوڵاو با هەڵیکرد دەبێت بەجۆرێك هەڵمدەن لەبەرزاییەکی گونجاودا بگەمە سەربانی ماڵی سدیق پاشا تا لەئاسمانەوە خۆشەویستی خۆم بۆ سافیناز بەیان بکەم"*** (ڕۆمان: 67)، پلانەکەی جەمشید لەلایەن هاوەڵەکانییەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە: ***"... بەپێی ئەو نەخشەیەی پێمانبوو جەمشیدخانمان بەئاسماندا هەڵداو وەها لەنگەرمان بۆ داریکرد لەسەعات یەکی تەواودا بەبەرزاییەکی گونجاو لەسەر ماڵی سدیق پاشا بوو. جەمشید لەو باوەڕەدا نەبوو توانای ئێمە بۆ ئاڕاستەکردن و لەنگەرگیری هێشتا وەك سەردەمی سوپا هەر بەهێزبێت، بەڵام ئەوشەوە بۆی دەرکەوت کەئێمە ئەو هونەرانە چۆتە خوێنمان و لەمێردمنداڵییەوە لەگەڵماندایەو بۆمان لەبیرناکرێت. سافینازیش لەسەعات یەکدا دەچێتە سەربان و لەسەر بەرزترین ستارەی ماڵی خۆیان دەوەستێت، جەمشیدخان لەسەرەوەڕا دەیبینێت کە بەپلەکاندا سەردەکەوێت و سەیری ناو تاریکی سەربانەکە دەکات. ئەوەی کێژەکە حیسابی بۆ نەکردوە ئەوەیە جەمشیدخان لەئاسمانەوە قسەی لەگەڵ بکات"*** (ڕۆمان: 69)، گێڕەڕەوەی ڕۆمان لەگێڕانەوەی ئەو حاڵەتەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ***"... ئەو شەوە ئەگەرچی با زۆر بەهێز نەبوو، بەڵام کێشی خان بەچەشنێك سووك بوو، من هەستم بەسەنگی ئەو نەدەکرد، وەها ئاسان لەزەوی هەستا من وای بۆچووم ئەوەی ئێمە هەڵمانگرتوە تەنیا قورسایی ڕۆحێتی. دوای هەندێك لەنگەرگرتن و ئاڕاستەکردن، خان دابەزی و ئێمەی داناو چیرۆکی سافینازی لەنوکەوە بۆ گێڕاینەوە "*** (ڕۆمان: 67)، بەوشێوەیە جەمشید خۆی دەداتە دەم با و دەچێتە سەر ماڵی خۆشەویستەکەی:***"جەمشید کەفێڵزان و خاوەن مەکربوو، ماوەیەك هەر لەسەرەوەڕا سەیری سافیناز دەکات، بێئەوەی هیچ بڵێت... کەهێدی هێدی خەریکە گوژمی ڕەشەباکە خانم وەڕز دەکات و وادەکات بەرەوخوار دابەزێت، لەساتێکدا خەریکە بجوڵێت و بچێتەوە سەر پلەکان هاواری لێدەکات و دەڵێت (چییە سافینازخان پێدەچێت ڕەشەبا تۆی بێزارکردبێت و بتەوێت زوو بڕۆیتە خوارێ)"*** (ڕۆمان:70)، ئەوە یەکەمینجارە کچە جەمشیدخان بە ئاسمانەوە دەبینێت: ***" سافیناز سەرەتا دەتۆقێت و نازانێت دەنگەکە لەکوێوە دێت، پاش تۆزێك هەستدەکات سەرچاوەی دەنگەکە ئاسمانەو بەترسەوە سەر بەرزدەکاتەوەو دەبینێت تارماییەکی ڕەش بەسەر سەریەوە دەفڕێت، وەختەبێت بقیژێنێت. جەمشیدخان پێیدەڵێت (نا سافیناز هاوارمەکە، من جەمشیدخانم ... بێکێشترین پیاوی دونیام، کەسێکم هەوا دەتوانێت وەك دەزوویەك بمهێنێت و بمبات، دەمەوێت لەمسەرەوە خۆشەویستی خۆمت پێبڵێم، بۆ ئەوەی تۆ یەکەم ژنی سەرزەمین بیت کەپیاوێك لەئاسمانەوە خۆشەویستی خۆی بۆ بەیاندەکات و لێرەوە لەم بەرزاییەوە، لەم تاریکییەوە، لەناو ئەم ڕەشەبایەدا داوات لێدەکەم شوم پێبکەیت وەك هاوسەر قبوڵم بکەیت."*** (ڕۆمان: 70).

کەواتە ڕێگەی دەربڕینی خۆشەویستییەکەشی بەشێوەیەکی خەیاڵی و دوور لەواقیعە، سەڕەڕای ئەوەش، ئەوەی لێرەدا مەبەستە پەیوەندی بەنەریتەوە هەیە، وەك دەزانین دوای دروستبوونی خۆشەویستی قۆناغەکانی دەستگیرانی و هاوسەرگیری دێتە پێشەوە، لەقۆناغی دەستگیرانیدا کوڕ هەوڵدەدات بەدیاری بەخشینەوە دڵی کچە زیاتر بۆ لای خۆی کێش بکات، ئەو نەریتە لەڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت:***" سەفەرە ئاسمانییەکانی شەو، جەمشیدیان گۆڕیبوو بۆ پیاوێکی دەستبڵاو کە لەهەموو فڕینێکدا گیرفانەکانی پڕدەکرد لەگوارەو ئەنگوستیلە، بازنگ لەکاری زەڕەنگەرانی هیندوستان، لیرەی ئەسڵ کە لەزێڕی کۆنی سەردەمی عوسمانی بوون. لەو سێ مانگەدا سافیناز بەئەندازەی دە بووکی دیکە تەنیا دیاری شەوانەی بۆ هات کە کەرەمی بێ سنوری جەمشیدخان لەئاسمانەوە بەسەریدا دەباراند."*** (ڕۆمان: 71)، ئەم دیاری بەخشینەی جەمشیدخان لەقۆناغی دەستگیرانیدا نەریتێکی کۆمەڵگایە، بەڵام جەمشید خان لەڕێگەی فڕینەوە ئەم دیارییانە دەگەیەنێت، ئەوەش کارێکی نائاسایی و خەیاڵییەو خاسیەتێکی ترە لەخاسیەتەکانی دەقی ڕیالیزمی جادوویی.

نەریتێکی تری کۆمەڵگای ئێمە بریتییە لەبابەتی شەکراو خواردنەوە، کەوا لەگەڵ هاوسەرگیریدا ئەنجامدەدرێت، زاواو خانەوادەکەی کەسە نزیکەکانییان کۆدەکەنەوەو بەشیرینی بەخشینەوە هەواڵی ژنهێنانەکە ڕادەگەیەنن، هەروەکو

جەمشیدخان: ***" بەو پارە زۆرەی لەو خانووە دەستیکەوت کەوتە خەرجکردنی خێراو دروستکردنی بۆنەی گەورە گەورە. لەسەر هەمان ڕیتم و ئاواز شەکراو خواردنەوەکەی جەمشیدو سافیناز ئەفسانایەیی بوو، هەزاران خەڵك بانگکران، شەقام و کۆڵان و سەربانی ماڵەکانی دەوروبەریش بەسەدەها کورسی و مێز ڕازێنرانەوە ... سێ ڕۆژ تەواوی پاقلاّوەخانەکان کاریان بۆ مامم دەکرد، ڕۆژێك تەواوی میوەی بازاڕمان بۆ ئاهەنگەکە قۆرغکردو دەیان چایچیمان بەکرێگرت و ژمارەیەکی نادیاریش ئاوگێڕو چاگێڕمان دانا تا لەهەموو لایەکەوە خزمەتی میوانەکان بکەن"*** (ڕۆمان : 72).

هەروەها لەڕۆمانەکەدا ئاماژە بەحاڵەتێکی تر دەکرێت، کە دەشێت وەك جۆرێك لەدابونەریت یان خاسیەتی کەسانێکی ناو کۆمەڵگای کوردەواری و کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست سەیر بکرێت، ئەویش بریتییە لەهەوڵدانی کەسێك بۆ چوونە ناو ژیانی تایبەتی ئەوانی ترو سوودوەرگرتن لەو نهێنییانەی لەژیانی ئەوان بەدەستی دەهێنێت، جەمشیدخان حەزدەکات سوود وەربگرێت لەتوانا نائاسییەکەی بۆ فڕین بەئاسمانداو بەهۆیەوە نهێنی خەڵکانی تر بەدەستبهێنێت: ***" ئەو ماوەی خان خەریکی ئاشانسەکەی بوو، بەکۆمەکی لەیلاو سمایلی مامم، دەیان گەشتی شەوانەی بەئاسماندا ئەنجامدابوو، لەیلا چووبووە جێگای من و لەپاڵ سمایلدا بوو بوو بەڕایەلگری دووەمی. مامم لەئاسمانەوە چاودێری جوڵەو هاتوچۆی دەیان کەسی کردبوو، لەسەربانەوە دابەزیبووە ناو نوسینگەکانیان و دۆسییەکەیانی دزیبوون، لەپەنجەرەوە وێنەی ژیانی تایبەتیانی گرتبوو، گوێی بۆ قسەو تەلەفۆنیان ڕادێرابوو. لەماوەیەکی کەمدا خەڵکانێکی زۆر بووبوون بەقوربانی ئەو گەمە کوشندانەی ئەو. لەیلاو سمایل وەك خان خەونی لێخێستبێتن و کردبێتنی بەئامێری بچوك و بێهۆشی دەستی خۆی، بێهیچ بیرکردنەوەیەك هەموو کارێکیان بۆ جەمشید جێبەجێکردبوو، لەپاڵیشیدا بەشێکی ئەو پارانەی لەخەڵکانی دی وەدەستیهێنابوو بەخشیبووی بەوان"*** (ڕۆمان: 133)، ئەو حاڵەتە لەشوێنێکی تریشدا لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت: ***" ماوەیەك وایلێهات جەمشید ئیتر شەوان درەنگ یاخود دەمەوبەیان دەهاتەوە. من دڵنیابووم بەشەو دەفڕێت و بۆ سەعاتی درێژ لەئاسماندا دەمێنێتەوە، چونکە زۆرجار لەشەوانی باراندا هەموو گیانی دەبووە ئاوو وەك پاسارییەکی نەخۆش و تەڕ دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ، لەشەوانی تەپوتۆزو خۆڵبارانیشدا خۆی و جلەکانی وەها پیسدەبوون، ئاشکرابوو کەوتۆتە ناو گێژاوی بەرزترو چڕتری خۆڵەوە."*** (ڕۆمان: 126)

ئەم نەریتەی جەمشید دەیگرێتە بەر نەریتێکی پەسەند نییە لەناو کۆمەڵگادا، بەلآم دیارە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو جەمشیدخان پەنای بۆ دەبات، و خەڵکانی دەوروبەریشی لەپێناو بەدەستهێنانی بڕێك پارەدا لێی بێدەنگ بوون.

نموونەیەکی تری دابونەریتی ناو کۆمەڵگا، بریتییە لەئاماژەکردن بۆ بەخت گرتنەوەو فاڵچی، ئەوەتا دەڵێت: ***" دوای کەمتر لەبیست ڕۆژ لەدابەزینی ئێمە لەبارانۆك، جەمشیدخان ڕووبەڕوو لەگەڵ وەزیری بەرگری ولآتدا دادەنیشێت. دیارە گەر بهاتبایەو لەبارانۆك فاڵچییەك پێشبینی وەهای بۆ بکردبایایە کەجەمشید دوای دوو هەفتەی تر لەگەڵ وەزیردا کۆدەبێتەوە، هەرسێکمان لەبەر قاقا دەخنکاین و لەپێکەنیندا دەمردین"*** (ڕۆمان: 25)، هەرچەندە ئەم نەریتە لەنێو زۆر لەگەل و نەتەوەی جیهاندا بوونی هەیە، بەلآم هەریەکەو بەشێوەیەك، لەبەرئەوەی لەولآتی ئێمەدا خەڵکانی ئاسایی زۆر بەئەستەم دەتوانن بگەنە ئەو کەسانەی لەپلەی وەزیردان، جا وەزیریش وەزیری بەرگری بەعس بێت، ئەوا هەر کاری نەکردەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە فاڵچی و باوەڕکردن و نەکردن بە فاڵ و فاڵچی کراوە، و بەلای کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەوە گەیشتنی جەمشیدخان بەوەزیری بەرگری لەلایەن هەر فاڵچییەکەوە باس بکرابووایە جێگەی باوەڕنەبوو.

خووڕەوشت و نەریتێکی تر کەوا لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، بریتییە لە ڕەفتاری نامرۆڤییانەی بەشێک لە باڵا دەستەکانی ناو کۆمەڵگا، بۆ نموونە:***" بەگی هیجری کەیەکەمینجار مامی لەئاسماندا بینی وەختبوو لەسەرساميدا ببورێتەوە، لەپازدە ساڵی پێشوودا بۆ کاروباری خۆی و حیزب تەواوی دونیا گەڕابوو، بەلآم عاجباتی وای لەهیچ جێگایەك نەبینیبوو، ئەو شەوە کەمامم دابەزی شاسواربەگ یەکسەر فەرمانیدا مامم لەشوێنێکی قایمدا دیلبکەن نەبا بچێتە خەیاڵییەوە هەڵبێت، هەمان شەو تەلەفۆنی بۆ ئاسنگەرێك کرد کە قەفەزێکی گەورەی بۆ دروستبکات و پەتێکی قوفڵداری بۆ بسازێنێت، تا لەدۆخی فڕینداو لەکەشکەشانی ئاسماندا خۆی بەرنەدات و بڕوات."*** (ڕۆمان: 137)، ئەوەی سەرەوە ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆیە ڕووبەڕووی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی حیزب و حکومەت لەهەرێمی کوردستان دەکرێتەوە، کەوا لە ڕێڕەوی ڕاستی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەل لایانداوەو بەچاوێکی نزمەوە سەیری تێکڕای گەل دەکەن، ئەو نەریتە ناشرینە لەچەند شوێنێکی تریشدا ئاماژەی پێدەکرێت:***" سیاسییەکان و ژن و منداڵیان کەیفێکی زۆریان بەبینینی مامم لەهەوادا دەکرد. فڕینەکانی جەمشیدخان لەناو توێژی سیاسییە بالآکاندا بەجۆرێکی گەورە دەنگیدایەوە،***

***بەچەشنێك منداڵی هەموو سیاسییەكان، كوڕو كچە بچوكەكانیان بەتایبەت داوەتدەكران بۆ سەیری جەمشیدخان و گرتنی پەتەكەی و ڕاتەكاندنی وەك ڕاتەكاندنی كۆللارەیەكی كاغەز"*** (ڕۆمان:138)، لادان لە ڕەوشت و نەریتە جوانەكانی ناو كۆمەڵگا دەگاتە ئەوپەڕی، كاتێک سووكایەتی بەو پیرۆزییانە دەكرێت كەوا بەشێک بوون لە دروشمەكانی شۆڕشی گەلی كوردستانی عێراق دژی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس، هەروەكو دەڵێت:***"جەمشید لەو ماوەیەدا لەهەموو بۆنەكاندا بەشداریدەكرد، ژن و منداڵی سیاسییەكانمان بەناوی (مەیمونە باڵدارەكە) دەیانناسی، ئەندامانی بیرۆی سیاسی حیزبیش ناویاننابوو(مەیمونە بەرزە فڕەكەی نیشتیمان) كەوەك بەگی هیجری تەفسیریدەكرد، پەیوەندییەكی مەجازی لەگەڵ گوزارەی (هەڵۆ بەرزفڕەكانی نیشتیمان)دا هەبوو، كە لەسالآنی زوودا باوبوو."*** (ڕۆمان:139)، وەک كاردانەوەیەكیش لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارەدا جەمشیدخان ڕق و توڕەیی خۆی بەشێوەیەكی چاوەڕواننەكراو بەرامبەر ئامادەبووان دەردەبڕێت:***"... لەئاهەنگی لەدایكبوونی كچی بەرپرسێكی گەورەدا، كاتێك هەموو توێژی سیاسی مەملەكەت بۆ ئێوارەیەكی ئەفسانەیی كۆبووبوونەوە، وەختێك جەمشیدخانی دەمبەستراویان بۆ ئاسمان هەڵدا، خانی زامدارو توڕە كەمانەوەی دورودرێژی ناو قەفەس تێكیشكاندبوو، لەئاسماندا زریزەی پانتۆڵەكەی كردەوەو لەسەرەوەڕا میزیكرد بەسەری هەموویاندا... دیارە ئەو ئێوارەیە هەندێك خواردن و جلوبەرگی هەندێك سیاسی بەناوبانگ و دەموچاوی چەند خانمێكی بەڕێزی نیشتیمان پیسبوون،..."*** (ڕۆمان: 140).

بەپێچەوانەی ئەو نەریت و خاسیەتانەی سەرەوە، لەكۆتایی ڕۆمانەكەدا ئاماژە بۆ خوونەریتی گەل و نەتەوەیەكی دوور دەكرێت، پێدەچێت مەبەستی یەكێك لەولآتە ئەوروپییەكان بێت، كە بەپێچەوانەی لای خۆمان، لەوێدا زۆر ڕێز لەجەمشیدخان دەگرن و هەوڵی چارەسەر كردنی دەدەن، هەروەكو ئەو هەواڵە لەنامەیەكی جەمشید بۆ گێڕەرەوەی ڕۆمانەكەدا هاتووە: ***" نامەكە هەواڵی ئەوەم دەداتێ كەدواجار دوای گەشتێكی درێژ بەهەموو ئاسیادا، دوای ئەوەی با لەم شارەوە بۆ ئەو شارو لەم ولآتی غەمگینەوە بۆ ئەو ولآتی غەمگین فڕاندوێتی، بەسەر ئەم شەڕو بەسەر ئەو سنوری ئاسنیندا پەڕاندوێتییەوە، لەم جەنگەڵەوە داوێتییە ئەو جەنگەڵ و لەم ترۆپكی ساردەوە بردوێتی بۆ ئەو ترۆپكی ساردتر، دواجار لەزەویەكدا گیرساوەتەوە كەسەر زەمینی خۆیەتی و وەك دوا وێستگەی ژیانی تەماشایدەكات. نوسیوێتی لەوێ حەكیمەكان بەسەرییەوەن و هەموو شتێك بەرەو باشی دەڕوات و كێشی وردە وردە زیادیكردووە."*** (ڕۆمان: 149).

### 3. بیروباوەڕی ئایینی:

ئاشكرایە ڕێژەی زۆری دانیشتووانی كوردستان لەموسڵمان و هەڵگرانی ئایینە ئاسمانییەكانی تری وەك مەسیحی پێكدێن، بەپێی ئەو بیروڕایە ئاینییانەش هەرگیز هیچ مرۆڤێك لەتوانایدا نییە خودای خالق ببینێت، هەروەكو بەپێی تێكستی قورئانی پیرۆز تەنها بەشێك لەپێغەمبەران و تەنها لەچەند بارودۆخێكی تایبەتدا نەبێت خودا خۆی بۆ هیچ مرۆڤێك دەرنەخستووە، هەروەكو دەفەرموێت:" وَ لمَا جاءَ مُوسَى لِمقَتِنا وَ كَلْمَهُ رَبَهُ, قالْ رَبِ أرنىَ أنَّظر إليكَ قالَ لْن تَرَنى ولكِن أنظر إلى ألجبَلِ فإن أستقَرَ مَكانَهُ فَسَوفَ تَرنى فَلْما تَجَلى رَبَهُ لِلجبَلِ جَعَلْهُ دَكا وَخَرَ مُوسى صَعقاً فَلَمَّا أفاقَ قالْ سُبحَنَكَ تُبتُ إليكَ وَ أنا أوَّلُ المؤمنين)(الأعراف: 143)، واتای ئەم چەند ئایەتە بەمشێوەیە لێكدراوەتەوە: (جا كاتێك موسا هات بۆ كات و شوێنی دیاریكراومان و پەروەردەگاریشی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا ئەنجامدا... وتی : توخوا، خوایە گیان، ئەی پەروەردەگاری ئازیزم، خۆتم نیشان بدە تا تێر تەماشات بكەم، خوای گەورەش فەرمووی: هەرگیز لەدنیادا نامبینیت، بۆ دڵنیاكردنی لەوەی كەبەرگەی تەجەلای زاتی پەروەردەگار ناگرێت، پێی فەرموو: بەلآم (ئەگەر هەر حەز دەكەی)، سەیری ئەو چیایە بكە، جا ئەگەر مایەوە لەجێگەی خۆیدا ئەوا لەوەودوا تۆش دەمبینیت، جا كاتێك پەروەردەگاری خۆی نیشانی كێوەكەداو تەجەلای كرد، كێوەكەی سووتاندو وردو خاشی كرد، موساش كەوت و لەهۆش خۆی چوو، ئینجا كاتێك هاتەوە هۆش خۆی ( زانی داخوازیەكەی زۆر گەورە بوو), وتی: ستایش و بێگەردی و كەماڵ هەر شایستەی تۆیە، من پەشیمانم لەداخوازییەكەم و گەڕامەوە بۆ لای تۆو من یەكەم كەسم لەئیمانداران"(محمد ئەمین: 2004 :167)، بەلآم لەڕۆمانەكەدا دەبینرێت جەمشیدخان بانگەشەی ئەوە دەكات كەوا دەتوانێت خودا ببینێت:***" جەمشیدخان دوای چەند سەعاتێك چاوەڕوانی ئاماژەی داینێ دایگرین گوتی كەبەداخەوە هیچ شتێكی نەبینیوە، بەلآم دڵنیایە دەیبینێت"*** (ڕۆمان: 82)، سەرەڕای ئەو شكستە، لە هەوڵەكەیدا بۆ بینینی خودا بەردەوام دەبێت:***" دوای مانگ و نیوێك ئێوارەیەك من و سمایلی بانگ كردو گوتی كەدەبێت دووبارە بفڕێت، چونكە دڵنیایە جارێكی دیكە خودا دەبینێت..."*** (ڕۆمان:81)، هەرچەندە دوو هاوەڵەكەی ئامۆژگاری جەمشیدخان دەكەن كەوا ئەو بیرە پڕوپووچە لەمێشك دەربكات:***"من و سمایل بۆ ماوەیەكی كورت هێنامانە سەر ئەو بڕوایەی سەرەتا وەك ئیماندارێك خۆی بناسێنێت و لەفڕیندا زۆر پەلە نەكات.***

***لەماوەی مانگێکدا بەخۆمان و بەرماڵەکانمانەوە چەندین مزگەوتمان تاقیکردەوە، تا دواجار لەمزگەوتی (دوو گومەز) کەڕۆژانی هەینی پۆلێك دەروێش دەڕژانە ناوەڕاستی گۆڕەپانە گەورەکەی و دەیانکردە زیکرو تەهلیلەو زرك وەشاندن گیرساینەوە. دیمەنی دەروێشەکان مامە جەمشیدی سەرسامکردو گوتی لێرەداو لەگەڵ ئەم پۆلە دەروێشەدا دەستدەکەین بەپەیامی خۆمان. کەمەلای مزگەوتەکە چیرۆکی جەمشیدی بیست زۆر دڵی خۆش بوو، زۆر هانی مامی دا لەگۆڕەپانی گەورەی مزگەوتەکەدا ئەو توانا گومانیان لەقودرەتی ئیلاهییە، باوەڕبهێنن. هەفتەیەك دواتر کەدەروێشەکان لەئاهەنگی زیکر بوونەوە، مەلای مزگەوتەکە داوای لەخەڵك کرد نەڕۆن لەبەرئەوەی موعجیزەیەکی خودایی گەورە هەیە دەبێت بیبینن"*** (ڕۆمان: 84)، دەرکەوتنی دەروێش و زیکرکردنی دەروێشانە لەگۆڕەپانی مزگەوتێکدا، نەریت و بیروباوەڕێکی تری ناو کۆمەڵگایەو لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا وەك جۆرێك لەخوداپەرستی لەلایەن ئەو کەسانەوە سەیردەکرێت کەوا بەدەروێش ناسراون.

ئەم حاڵەتە لای جەمشید بەردەوامدەبێت: ***" نزیکی مانگێکی تەواو لەو دەشتەدا چادرمان هەڵداو چاوەڕوانی ئەوەمان کرد جەمشیدخان خودا ببینێت. لەکۆتایی هەفتەی چوارەمدا جەمشید بەگێژی و مەستییەکی بێوێنەوە، بەنورێکی گەورەوە لەچاویداو بەڕوناکییەکی گەورەوە لەدڵیدا دابەزی و گوتی (بینیم، خودام بینی، نورێکی خالیس بوو کەجگە لەنور هیچیدی لێناکەوێتەوە). گوتی کەخودا پێیگوتووە (من کێشی تۆم وەها سوك کردووە تا وەك موعزیزەیەك پیشانی موسڵمانانی بدەیت و ببینن خودا ئیرادەی لەسەر هەرچییەك بێت دەیکات، بڕۆ بەئیمانداران بڵێ کەتۆ یەزدانی گەورەت بینیوەو پێیگوتوویت بفڕە تاخەڵك بەچاوی خۆیان تواناو گەورەیی خالق ببینن"*** (ڕۆمان: 82)، لەبەرئەوەی ئەوەندە بابەتەکەی بەگرنگ وەرگرتووە، بۆیە هەر لەدڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات کۆمەڵە کەسانێك کۆ بکاتەوەو باس لەو توانایەی خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ مەلای مزگەوتی (دوو گومەز) دا، وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، دەستدەکات بەبلاوکردنەوەی پەیامەکەی: ***"جەمشید لەسەرەوە بەکورتی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ حەشاماتە حەپەساوەکە گێڕایەوەو دواتر باسی ئەوەی کرد کەڕۆژێك لەکەشکەشانی فەلەکدا خودای بینیوەو پێیگوتووە خۆت بۆ موسڵمانان دەربخەو پێیانبڵێ کەخودا فەرمانی پێداویت خەڵك بۆ ئیمان بانگهێشت بکەیتەوە. سەرسامی موسڵمانان و باوەڕیان بەتواناو کەرامەتی جەمشید بەئەندازەیەك بەهێزبوو، هەندێکیان باوەڕیان بەهەموو قسەیەکی خان دەهێناو وەك جۆرە وەلی و خوداناسێك سەیریاندەکرد کە لەم سەردەم و زەمانەدا بێوێنەبێت. ئیدی لەو ڕۆژەوە جەمشید هەموو هەینییەك لەهەوای مزگەوتی دووگومەزدا دەفڕی و باسی چاوپێکەوتنەکانی نێوان خۆی و خودای دەکرد"*** (ڕۆمان: 85)، دوای بلاوبوونەوەی هەواڵی ئەو دەرکەوتنەی جەمشیدو ئەو پڕوپاگەندەیەی سەبارەت بەبینینی خودا بلاویدەکردەوە، بەلای هەموو کەسێکەوە پەسەند نەبوو، بەڵکو ***" ژمارەیەك لەمەلاکان و لەوانەی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا کاریاندەکرد، خانیان وەك سیحربازو بیدعەچییەك سەیر دەکرد کەموسوڵمانان لەڕێگای جیهادی ڕاستەقینە لادەدات. وای لێهات لەهەندێك مزگەوتی دییەوە کەوتنە باسی کافرو سیحربازێکی لادەر کەبانگەشەی ئەوە دەکات دەفڕێت و لەمەلەکوت چاوی بەباری تەعالا دەکەوێت، هەموو مەلاکان لەسەر ئەوە کۆبوون کەخودای گەورە تەنیا زۆر بەکەمی و لەهەندێك بۆنەداو لەژێر هەلومەرجی زۆر تایبەتدا چاوی بەپێغەمبەرو ڕەوانە کراوانی خۆی کەوتووە، ئێستا ئەم جەمشیدە ئەهلی چ کافرستانێکی تا ئیدعای ئا لەم چەشنە بکات"*** (ڕۆمان:89)، سەرەڕای دژایەتی کردنی لەلایەن بەشێك لەمەلاکانەوە، چەند پارت و بزووتنەوەیەك لەهەرێمی کوردستاندا دەرکەوتوون، کەوا بەحیزبی ئیسلامی ناسراون، ئەمانەش پەیامەکەی جەمشید بەپەسەند نازانن، هەروەکو گێڕەرەوەی ڕۆمان دەڵێ: ***" من مامم ئاگادارکردەوەو گوتم جەمشیدخان ئیسلامییەکان ئێستا بەهێزن، ئەوان ئەمجۆرە قسانە بەکوفر حیسابدەکەن، بینینی خودا لەقودرەتی ئادەمیزاددا نییە، ئیدیعای لەوجۆرە دەشێت عاقیبەتی خراپی بۆ تۆ هەبێت. جەمشید گوتی"خودا مۆڵەت لەکەس وەرناگرێت تا خۆی پیشانی عەبدەکانی خۆی بدات، کێ چوزانێت خودا چی دەکات و چی ناکات. ئەوانەی وا دەڵێن دەبێت شەرم لەخۆیان بکەن"*** (ڕۆمان: 81)، ئەوەی زیاتر وا لەجەمشید دەکات سووربێت لەسەر ئەو بیروباوەڕەی پشتگیری کردنییەتی لەلایەن مەلای مزگەوتەکەوە، چونکە ئاشکرایە لەلایەن گەلانی موسوڵمانی وڵاتی ئێمەو وڵاتانی دەوروبەردا وتەو ڕەفتاری پیاوانی ئایین کاریگەری خۆیان هەیە: ***" ئەوەی لەسەرەتاوە سەرەنجی من و سمایلی ڕاکێشا ئەوە بوو کەجەمشید هەموو پێنجشەممەیەك دیدارێکی داخراوو درێژی لەگەڵ مەلای مزگەوتەکەدا دەکرد کەناوی "مەلا قاسمی گوڵشێران"بوو، مەلا لەوانەبوو کەدەیگوت لەم سەردەمەدا کەکوفر باڵادەستەو لەهەموو جیهاندا حوکم و حاکمییەتی گرتۆتە دەست، هەر هۆیەك ئیمان بەهێز بکات دەبێت بەکاریبهێنین. بەڵام ئەوەی لەمەلا قاسمدا سەیر بوو بۆچوونە خەیاڵییەکانی بوو دەربارەی خوداو بەهەشت و دۆزەخ کەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەیخستنە سەری زاری جەمشیدی مامیشم. مەلا بەهەشتی وەك شارێك وێنا دەکرد کەشەقامەکانی جوانن، کارەبا تێیدا***

***ناکوژێتەوە، ئاو تێیدا نابڕێت، شتەکان تێیدا هەرزانن، لەهەموو سوچێکدا پاقلآوەخانەیەکی خۆرایی بەردەوام کراوەتەوە، ژنان جل لەبەر ناکەن و بەبێئەوەی حەبی مەنعیش بخۆن منداڵییان نابێت و سیاسەتیشی تێدا نییە, واتە شارێك بوو لەهەموو شتێکدا پێچەوانەی شاری ئێمە"*** (ڕۆمان: 85، 86)، هەر لێکدانەوە بێ بەڵگەکانی مەلای مزگەوتەکەیە سەبارەت بەدیمەنەکانی بەهەشت و فەرمانەکانی خودای گەورە، کە دەچێتە سەر زاری جەمشیدخان: ***" جەمشید دەستیدەکرد بەگوتنەوەی ئەو ئامۆژگارییانەی کەبەشی هەرە زۆریان پەیوەندییان بەبیرکردنەوەو تەفسیرەکانی مەلا قاسم بۆ دینەوە هەبوو، وەك ئەوەی موسوڵمانان سەیری سەتەلایت نەکەن، ژنەکانیان فێری شوفێری نەبێت، شت بەگران نەفرۆشن، کچەکانیان نەبن بەپۆلیسی هاتوچۆو ژمارەیەکی زۆری دیش لەم داواکارییە نابەجێ و سەیرانە. جارێك جەمشیدخان لەهەوادا لیستێکی درێژی لەگیرفانی دەرهێناو گوتی کەباری تەعالا حەرامیکردووە پیاوان ئەم شتانە بکرن: جلی ژێرەوەی ژنان، حەبی ڕێگرتن لەسکپڕی، کەرەستەی ئارایشت، کامیرای فیدیۆ، هەروەها حەرامیکردوە ژنان بێئاگاداری مێردو کەسوکاریان موعامەلەی سەفەر لەگەڵ قاچاخچیدا بکەن، بچن بۆ لای خەیاتی پیاو، ساڵۆنی قژبڕین بکەنەوە، خەیار بکڕن، یان بەتەنیا سواری تاکسی ببن"*** ( ڕۆمان: 87)، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بەبیروباوەڕی ئایینی و خاسیەتێکی تری ڕیالیزمی جادووییە کەوا لەم ڕۆمانە کوردییەدا دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەو پەیام گەیاندنەی باسکرا، لەلایەکی ترەوە جەمشید خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ خوای گەورە، کە ئەمەش بەپێی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام هەرگیز جێی قبوڵکردن نییە، ***"جەمشید لەیاداشتەکاندا بەوردی وەسفی تابووری دیلەکان و سەرنگونیی گوردانەکان و سووتانی ڕووەك و قامیشەلآن و باغەکانی خورمای کردبوو. لەیاداشتەکانیدا هەمیشە نیگارێکی گشتی هەبوو، یان وەك سمایل وەهای بەمامم دەیگوت (دیمەنێکی پانۆرامایی) دەکێشا. هەرکات سمایل وەهای بەمامم دەگوت، ئەو پێدەکەنی و دەیگوت (من شتەکان بەوجۆرە دەبینم کەخودا دەیانبینێت"*** (ڕۆمان:37)، لەبەرئەوەی جەمشیدخان ئەوەندە باوەڕ بەو خەیاڵە دەکات کەوا تێیدا دەژی، خۆی دەهێنێتە ئاستێکی وەها کەوا توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ ئاگاداربوون لەهەموو شتێك، بۆیە پێیوایە وەك خودا هەموو شتێك دەبینێت، ئەو بۆچوونەش لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامدا ناگونجێت، و دەشێت بەخاسیەتێکی ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی دابنرێت.

سەرەڕای ئەوەش خاڵێکی تری تایبەت بەباوەڕی ئایینیی ئیسلام و لەنێو ئایینیشدا زیاتر لەگەڵ شیعە مەزهەبدا لەڕۆمانەکەدا دەبینرێت: ***"کە ئێرانییەکان جەمشیدخانیان گرت، نەیانکوشت.(جەمشیدخانێکی مردوو سوودی بۆ ئێران چییە؟) سەرهەنگ پوریاوەری وای بەمامم گوتبوو. ئێرانییەکان هەمان یارییان بەمامە جەمشیدم کرد کە عێراقییەکان کردیان، نەوەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆرجار جلی ئیمامەتیشیان لەبەردەکردو لەسەر هێزەکانی خۆیان بەرزیاندەکردەوەو لەناو سەربازو بەسیج و پاسداراندا دەیانکردە هەلآو دەیانگوت: "ڕەزمەندگان .. ڕەزمەندگان ..، بڕوانن ئەوە ڕوحیانەتی ئیمام حوسەینە، لەسەرەوەڕا دەمانپارێزێت"*** (ڕۆمان: 44)، واتە ئێرانییەکان باوەڕ بەوە دەهێنن کەوا ڕۆحی پێشەوا ئاینییەکانییان لەئاسمانەوە دەردەکەوێت: ***" گەرچی ئیشەکەی مامم لای ئێرانییەکان کەمێك سادەتر بوو، ئەوەی جلێکی مەزهەبی بپۆشێت و خۆی وەکو ڕۆحیانەتی یەکێك لەئیمامە گەورەکان پیشانبدات، خۆشترو بێکێشەتر بوو لەوەزیفەکانی لەسوپای عێراقدا، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا مامم بەچاوی خۆی دەیبینی کارە سووك و ئاسانەکەی ئەو، چی بەسەر ئەو هەموو کوڕە گەنجەدا دێنێت، کە هێندەی ئەو لەئاسماندا دەبینن، دەگەنە یەقینێکی مەزهەبی ڕەهاو ترسییان لەمردن نامێنێت"*** (ڕۆمان: 45، 46)، ئاماژەکردن بەو باوەڕە بەتینەی ئەو گەنجە باوەڕدارانە بەئیمامەکانی شیعە، نموونەیەکی ترە لەدەرکەوتنی بیروباوەڕو نەریت لەناو ڕۆمانەکەدا، کەوا وەك دوا نموونە بۆ دەستتیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانەکەدا دەیخەینەڕوو.

**ئەنجام**

لەلێکۆڵینەوەکەدا دەگەین بەچەند ئەنجامێك کەوا دەتوانین گرنگترینییان لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

1. ڕێبازی ڕیالیزم نزیکترین ڕێبازە لەکۆمەڵگاوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردیش هەردەم لەکارەسات و نەهامەتیدا ژیاوە، بۆیە ڕیالیزم وەك ڕێبازێکی بلآو لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت.

2. ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی بەهۆی گرنگیدانی بەکۆمەڵ لایەنگر پەیڕەوکەرانی زۆرن، و ئەم ڕێبازە توانیوویەتی لەڕێبازەکانی تر زیاتر پەرەبسەنێت لەنێو ئەدەبی گەلاندا.

3. لەبەرئەوەی هەروەکو چۆن ڕێبازی ڕیالیزم باس لەواقیعی کۆمەڵگا دەکات و ڕۆمانیش هەمان مەبەست لەخۆی دەگرێت، بۆیە ڕۆمان و ڕیالیزم پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکییانەوە دەبەستێتەوەو زۆرجار ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی پشتدەبەستێت بەڕێبازی ڕیالیزم، ئەم پەیوەندییەی نێوان ڕیالیزم و ڕۆمان لەڕۆمانی کوردیشدا لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانەوە بەدیدەکرێت و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

4. هەرچەندە ڕیالیزم پەیوەستە بەئێش و ئازارەکانی گەل، بەڵام مەرج نییە ئەدەبی ڕیالیزم وەك مێژوو ئەو ئازارانە تۆماربکات، بەڵکو لەپاڵ پشتبەستن بەواقیعی کۆمەڵگا خەیاڵێکی هونەری جوان ئاوێتە دەکرێت، ئەو ئاوێتە کردنەی نێوان واقیع و خەیاڵ ڕێڕەوێکی ڕیالیزمی هێنا کایەوە، کەوا بە ڕیالیزمی جادوویی ناسراوە.

5. ڕۆماننوسی لاوی کورد (بەختیار عەلی) لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕیالیزم و بەهۆی ئاوێتەکردنی بەخەیاڵێکی هونەری جوان شاکارێکی ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی کوردی بەرهەمهێناوە.

## سەرچاوەکان


1. - قورئانی پیرۆز.

**أ- سەرچاوە کوردییەکان:**

2. ئەحمەد، محەمەد حوسێن، و کەلهور، عەبدولقادر، 2013، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە مێژووی عێراقی نوێ لەوەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستەکانی 2002، چارلز تریب، وەرگێران، پێداچوونەوەی د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی سێیەم.
3. أمین، بورهان محمد، 2004، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، پێداچوونەوەی لیژنەیەك، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی - هەولێر.
4. بابان، جەمال، 1975، لە خەوما - جەمیل صائب، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
5. تەیب، (د.) جەمال فەتحوڵڵا، 2012، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (1975/3/21 – 1980/11/28) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
6. پیرباڵ، فەرهاد، 2006، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای وەرگێران، چاپخانەی منارە، هەولێر، چاپخانەی دووەم.
7. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، 2009، بنیادی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی خانی (دهۆك).
8. حەمە غەریب، حەمە شەریف، و حەویز، شێرکۆ ئەحمەد، 2011، مێژووی نوێی عێراق، نووسینی فیبی مار، وەرگێران لەئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، چاپی یەکەم.
9. ڕەشید، سابیر، 2006، ڕۆمانی کوردی و پرسیاری دامەزراندن، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ. 31، شوباتی 2006.

10. ڕەشید، سابیر، 2007، ڕۆمانی کوردی – خوێندنەوەو پرسیار، بەشی یەکەم، سابیر ، چ.1، چا. ئاراس، هەولێر.
11. سەعید، ڕۆشنا عەلی، 2006، هەردی لە نێوان ڕۆمانتیکیەت و ڕیالیزم دا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (67) مانگی 8 /2006.
12. گەرمیانی، عادل مەجید محمەد، 1996، ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.
13. عارف، حەمە کەریم، 2004، ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا، (سیروس پرهام) د. مێترا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگەها سپیریزیا چاپ و وەشانێ، چاپخانە وەزارەتا پەروەدێ ـ هەولێر.
14. عەلی، بەختیار، 2010، جەمشید خانی مامم ـ کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ڕۆمان، چاپخانەی کارۆ.
15. عەلی، حسین سابیر، 2012، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانی دا، لێکۆڵینەوەیەکی تێوری پراکتیکی ڕەخنەییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2012.
16. عەلی، حوسێن سابیر، 2010، زمانی ڕیالیزمییە سیحرییەکان، گ. زمانناسی، ژ. 9، ئەیلول.
17. محەمەد، یوسف ئەحمەد، 2014، شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ڕیالیزمدا، 1900- 1950، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی سکولی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.
18. مستەفا، جەواد، 2008، رۆمان چییە؟ م.ە. ئیبزام - مالکام برادبری - نورتروپ فرای، وەرگێران، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم.
19. نوری، کاوە، 2006، ڕێبازی ڕیالیزم، بلاّوکراوەی هۆمانیزم، ژمارە (14)، ساڵی دووەم، تەمموز.

**عەرەبی:**

20. مصطفى، فائق، و علی، عبدالرضا، 2000، فی النقد الأدبی الحدیث ـ منطلقات و تطبیقات، الطبعة الثانیة منقحة و مزیدة، وزارة التعلیم العالی و البحث العلمی، جامعة موصل، نشرو طبع و توزیع دار الکتب للطباعة و النشر، 2000، الموصل.
21. رسول، الدکتور عزالدین مصطفى، 2010، الواقعیة فی الأدب الکردی، دار ئاراس للطباعة و النشر، الطبعة الثانیة، أربیل.
22. شرارة، د.حیاة ، 1978، الأفکارو الأسلوب، أ.ف. تشتیشرین، دراسة فی الفن الروائیة و لغته، ترجمة، الجمهوریة العراقیة ـ وزارة الیقافة و الفنون، بغداد، دار الحریة للطباعة.
23. الحمدانی، د. سالم أحمد، 1989، مذاهب الأدب العربی و مظاهرها فی الأدب العربی الحدیث.
24. راغب، نبیل، 1975، مدارس الأدب العالمی، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مطبوعات الجدید.
25. لؤلؤة، د. عبد الواحد، 1980، دیمین کرانت، موسوعة المصطلح النقدی، الواقعیة، دار الحریة للطباعة، بغداد.
26. خباز، حنا، (د.ت.)، جمهوریة أفلاطون، منشورات مکتبة النهظة، مطبعة بابل، بغداد.
27. بدوی، عبدالرحمن، (د.ت.)، فن الشعر، أرسطو، ترجمة، دارالثقافة، بیروت.
28. کمال الدین، د. جلیل، 1975، سلسلة أعلام الفکر العالمی ـ مکسیم غورکی ـ، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت ـ لبنان، الطبعة الاولى.

29. العامرى، م.م. مياده عبدالأمير كريم، 2014، الواقعية السحرية فى رواية مستعرة المياه، جامعة زى قار، مجلة الأستاذ، العدد 210، المجلد الأاول، 2014، www.iasi.net

**ج. سایتی ئەلیكترۆنی:**

30. الواقعية السحرية www.annabaa.org
31. En.suomisanakivja.fi/eng;ish-sorani
32. المذاهب المسرحية، www.yabeyrouth.htm .
33. المذهب الواقعية، www.squ.edu.com.htm
34. مجلة صيد الفوائد www.Saaid.net
35. نشاة الواقعية، قحطان بيرقدار www.alukah.net
36. ترجمة و إعداد ناطق خلوصى www.alnaked-aliraqi.net
37. www.tegarahelwan.yoo7.com

**پەراوێز:**

[i] بروانە: خباز، حنا، (د.ت.)، جمهورية أفلاطون، منشورات مكتبة النهظة، مطبعة بابل، بغداد. و بدوى، عبدالرحمن، (د.ت.)، فن الشعر، أرسطو، ترجمة، دارالثقافة، بيروت.

[ii] دیمین كرانت لە كتێبەكەیدا دەربارەی ڕیالیزم زیاتر لە (30) جۆری ڕیالیزم دیاریدەكات وەك ڕیالیزمی ڕەخنەگری، ڕیالیزمی میسالی، ڕیالیزمی ڕۆمانسی، ڕیالیزمی نەتەوایەتی... و زۆری تر. بڕوانە: لؤلؤة، د. عبد الواحد، 1980، ديمين كرانت، موسوعة المصطلح النقدى، الواقعية، دار الحرية للطباعة ، بغداد.